# سەرەتایەک بۆ خوێندنەوەیەکی نوێی مێژووی چەپی کوردی(عیراق)

-بەشی دووەم-

ئەمجەد شاکەلی

## پێوەندی ئیبراهیم ئەحمەد و دەستەکەی بە ئێرانی سەردەمی شا و ساواکەوە

مێژووی پێوەندی ئیبراهیم ئەحمەد و هاوبیرانی، لەگەڵ ئێرانی سەردەمی شا -یا ڕاستتر ساواکی ئێرانی شا- دا، گەلێک کۆنە و سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی 1940ەکان و 1950کان. سەرهەنگ عیسا پەژمان، کە کابرایەکی کوردی خەڵکی شاری سنە و کە لە بنەچەدا لە بنەماڵەیەکی جوولەکە بووە[1] و ساواکییەکی ئێرانی بوو، هەر زۆر زوو توانیویەتی، پێوەند بە ئیبراهیم ئەحمەدەوە بکات و وردەوردە نێوان، هەم لەگەڵ ئەو و هەم لەگەڵ هاوبیرانیشیدا ساز بکات. پەژمان لە سەفەرێکیدا، بە ناوێکی خوازراوەوە و، وەک مامۆستای جوگرافیا و مێژوو و، بە بیانووی لێکۆڵینەوە لە بارەی مێژوو و جوگرافیای کوردستانی عیراقەوە، دەچێتە کەرکووک و لە دادگەی کەرکووک، چاوی بە ئیبراهیم ئەحمەدی سکرتێری ئەودەمی پارتیی، کە لەبەر چالاکیی سیاسی لە سلێمانییەوە بۆ کەرکووک دوورخراوەتەوە و لە کەرکووک کاری پارێزەری دەکات، دەکەوێ و گفتوگۆی لەگەڵ دەکات[2]. ئەو بینین و گفتوگۆیە، وەک ئیبراهیم ئەحمەد لە کۆڕێکدا لە ستۆکهۆڵم لە بەهاری 1997دا گوتبووی، ساڵی 1954 ئەنجام دراوە. ئیبراهیم ئەحمەد دۆستایەتی خۆی و عیسا پەژمان دەگەڕێنێتەوە بۆ مێژوویەکی کۆنتر و لە بارەی پەژمانەوە دەڵێت:"عیسا پەژمان رەفیقمە هەر رەفیق! عیسا پەژمان لە 1947 و 48وە ئەمن دەناسێ، هاتبوو بۆ دیتنی من لە کەرکووکی لەپاش بەربوونم لە حەپسخانە.."[3]. کە ئیبراهیم ئەحمەد، لە ساڵی 1947دا، عیسا پەژمانی ناسیبێت و یەکدییان دیتبێت و ئیبراهیم ئەحمەد لە مارسی 1947دا بووبێتە ئەندامی پارتیی دیموکراتیی کوردستانی عیراق و تا هەڵوەشاندنەوەی "کۆمەڵەی ژێکاف"یش ئەو(ئیبراهیم ئەحمەد) بەرپرسیی لقی کوردستانی عیراقی ئەو کۆمەڵەیە

---

[1] شاربازێڕی، ح، بوختانەکانی کاک ئەمیر بێ وەڵام نامێننەوە، مامۆستای کورد، ژمارە 9، بەهاری 1990، ل22.

[2] پژمان، سرهنگ ستاد عیسی، اسرار بستن پیمان 1975 الجزیره، پاریس، انتشارات نیما، ل 62-63.

[3] کەریمی، عەلی، ژیان و بەسەرهاتی عەبدولرەحمان زەبیحی(مامۆستا عولەما)، چاپی یەکەم، بنکەی چاپەمەنی زاگرۆس، گۆتێنبێرگ، سوێد 1999، ل 284.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بووبێت لە سلێمانی و، کە عەبدورڕەحمان زەبیحی(عولەما)یش سکرتێری کۆمەڵەی ژێکاف، دۆستی پەژمان و هاوبیری ئیبراهیم ئەحمەد بووبێت، هەرگیز هەروا کارێکی هەڕەمەکی و هەرلەخۆڕا نییە و نەبووە، بەڵکە سەلماندن و گەواهییەکی ئەوەیە، کە هەر لە بناخەدا، دانانی ئیبراهیم ئەحمەد بە بەرپرسیی کۆمەڵەی ژێکاف، لە کوردستانی عیراقدا، بە پێزانین و کاربۆکردن و کارئاسانی ساواک بووە و، کە ئیبراهیم ئەحمەد، هەر لەودەمییەوە پێوەندی بە ساواکەوە هەبووە. هەر بۆیەش لەهەموو کوردستانی عیراقدا، عیسا پەژمانی ساواکی، پێش هەرکەسێک، ئیبراهیم ئەحمەدی ناسیوە و دیوە. هەر بۆیەش عیسا پەژمان، ئیبراهیم ئەحمەد و عەبدورڕەحمان زەبیحی(عولەما)، هێند نێزیکی یەکتر بوونە، چونکە هەرسێک لەیەک گەمیدا سەوڵیان لێداوە و لەیەک سەرچاوەوە سروشیان بۆ هاتووە. کە باس لە پێوەندی دەستەی ئیبراهیم ئەحمەد و ساواک بکرێت، بێ ئاوڕدانەوە لە عەبدورڕەحمان زەبیحی و بێ بەسەرکردنەوەی وی، کارێکی ناتەواو دەبێت. دەکرێ تا ڕادەیەک زەبیحی بە کلیل و هەڵسووڕێنەری ئەو پێوەندە پێناسە بکرێت. زەبیحی یەکێک بوو لەو کەسانەی، کە زۆر لە ئیبراهیم ئەحمەدەوە نێزیک بوو و سەر بە بیروباوەڕی ئەو تاقمە بوو و لە هەرە چالاکەکانیان بوو. زەبیحی لە نێو ئەو تاقمەدا نێوی عولەما[4] ی لێ نرابوو. لە بارەی نێوبردنی زەبیحی بە عولەما، ئیبراهیم ئەحمەد پێیوایە، کە لەبەر ئەوەی ئەو (زەبیحی) هەموو شتێکی دەزانی و لە هەموو شتێکدا شارەزا بوو، بۆیە پێی دەگوترا عولەما و گوایە برادەرانی ئەوان ئەو ناوەیان لێ ناوە[5]. عەبدوڵڵا ئیسماعیل(مەلا ماتۆر) لە بارەی ئەو عولەمایەوە دەڵێت:"وەڵاهی کاک برایم ئەحمەد ناوی لێ نابوو، گوتی کاکە عولەمایە، عولەما! عالمە هەموو شت دەزانێ و...ئەو عولەمایە لەوێڕا هات"[6]. جەلال تاڵەبانی لە بارەی نێوی عولەماوە دیتنێکی دیکەی هەیە و پێیوایە، کە بەشیر موشیر ئەو ناوەی لێ ناوە و دەڵێت:"ئەتۆ ئەگەر تەماشای کەی کابرایەک کە هیچی نەخوێندووە ئەو هەموو شتانەی چۆن زانیوە؟! دەبێ چ بلیمەتێک بووبێ؟! بە گاڵتە نەبوو بەشیر موشیر پێی دەگوت عولەمای ئاخر زەمان ناوەکەی لەوەوە هاتبوو دەیگوت ئەو پیاوە عولەمایە"[7]. عەبدورڕەحمان زەبیحی، خەڵکی مەهاباد بوو، و یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی "کۆمەڵەی ژێکاف" و تا هەڵوەشاندنەوەیشی سکرتێری بوو. بەڕێوەبەری گۆڤاری "نیشتمان"یش بوو. لە پاش گۆڕینی نێوی "ژێکاف" بۆ "حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران"، بوو بە ئەندامی کۆمیتەی نێوەندیی ئەم حیزبە. لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان لە زستانی 1947دا، لەگەڵ چەند کەسێکی دیکەدا هەڵات و بە نهێنی هاتە سیتەک و لای شێخ لەتیفی شێخ مەحموود بووبوو بە پەنابەر. پاش ماوەیەک چوو بۆ بەغدا و بە نێوی "قادر"ەوە لە گازینۆی عەبدوڵڵا، کە خاوەنەکەی کوردێکی سنەیی بوو، کاری دەکرد. لە ساڵی 1956دا زەبیحی هەڵات بۆ سووریا. لە دیمەشق لە هوتێلێک بە نێوی فلستین و شەرقولئوردن "فلسطین و شرق الاردن"، کە خاوەنەکەی کوردێکی دیمەشقی بوو بە نێوی"ئەبوو ئەییووب"، گیرسایەوە و بە نێوی "عیسا عەرەفات"ەوە کاری بۆ خاوەن هوتێلەکە دەکرد. پاش کوودێتای 14ی تەممووزی 1958، زەبیحی گەڕایەوە بۆ بەغدا و ئەمجارەیان خۆی نێونابوو عیسا ئەززەبیحی "عیسی‌الذبیحي" و بە نێوی گەلی کوردی سووریاوە لەبەردەم عەبدولکەریم قاسمدا، وتارێکی خوێندەوە. پاشان لە

[4] وا باوە، مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی گوتوویەتی:"ئەو کەی عولەمایە، عولەنێرە". لە نێو خەڵکیشدا زۆرجاران بە "عولەمێ" نێو دەبرا.
[5] کەریمی..، ژیان..، ل296.
[6] سەرچاوەی پێشوو، ل176.
[7] سەرچاوەی پێشوو، ل326.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

نێو ڕیزەکانی پارتیی دیموکراتی کوردستانی عیراقدا دەستی بەکار کرد[8]. زەبیحی ماوەیەک لێپرسراوی لقی کەرکووک و ماوەیەک بەرپرسی لقی بەغدای پارتیی دەبێ و لە پارتییە جەلالییەکەیشدا ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی دەبێ. لە کاتێکدا کە دەبوو زەبیحی خۆی لە ئێران و ئێرانی ساواک ڤەشێرێ، بە پێچەوانەوە لەگەڵ عیسا پەژمان –واتە: ساواک-دا پێوەندێکی بەهێزی دەبێ و نێوانی لەگەڵدا گەلەک خۆش دەبێ. لە ساڵانی پێش کوودێتای 14ی تەممووزی 1958، پەژمان لە یەکێک لە هوتێلەکانی دیمەشقدا بە دیداری زەبیحی – سەرکردەیەکی هەڵاتووی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی دژی ڕێژیمی شا!- دەگات و بە ناوی خوازراوەوە یەکدی دەبینن و قسان دەکەن. هەژاری موکریانی دەڵێ:"زەبیحی کە لە ڕێگەی موسڵەوە خۆی گەیاندە سووریا و لە ماڵە حاجی دامەزرا پێناسی مردوێکی بەناو عیسا عەرەفات پەیدا کرد و خۆی گەیاندە شام"[9]. دوای ساڵی 1958 کە پەژمان وەک وابەستەی سوپایی ئێران –لە ڕاستیدا وەک کارمەندێکی ساواک- لە باڵیۆزخانەی ئێران لە بەغدا کار دەکات، لەگەڵ زەبیحیدا یەکدی دەبیننەوە و قسە و باس دەکەن و ئەو دەمە بە ناوی ڕاستیی خۆیانەوە لەگەڵ یەکدی دەدوێن و زۆریش لە یەکدی دڵنیا دەبن. پەژمان لەو دیدارەدا دیتن و سیاسەتەکانی ئێران بەرانبەر بە کورد و ڕەوتیی فەرهەنگی و ئەدەبی و ڕاگەیاندنی لەگەڵدا باس دەکات و بۆ ڕوون دەکاتەوە، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی وییەوە (زەبیحی) بگاتەوە بە سەرانی دیکەی پارتیی[10]. بەو چاوپێکەوتنەی زەبیحی، وەک پەژمان خۆی دەڵێ، دەروازەی هاتوچۆ و دۆستایەتی لەگەڵ پارتیی دیموکراتی کوردستانی عیراقدا بۆ کرایەوە و لەو دەروازەیەوە چووە مەیدانی سیاسەتی پارتییەوە. زەبیحی یەکێک بووە لەو کەسانەی، کە بۆ هاتنی پەژمان (واتە: ساواک) بۆ نێو سیاسەتی پارتیی، کۆمەکێکی زۆری کردووە و ئەگەر دیتن و تێگەیشتن و بۆچوونی ئەو نەبووایە، ئەوا هاتنە نێو ئەو مەیدانە بۆ پەژمان(ساواک) کارێکی هاسان نەدەبوو[11] و تەواوی ئەو زانیاری و ئاگادارییانەش لەمەڕ مەسەلەی کورد و حوکوومەتی عیراقەوە، کە پەژمان ویستوونی، بە زۆری لە ڕێگەی زەبیحی و یەدوڵڵا فەیلییەوە وەدەستی هێناوە[12]، بێگومان زێتریش لە ڕێگەی زەبیحییەوە، کە ڕێک وەک ساواکییەک، کاری بۆ پەژمان کردووە. هەژاری موکریانی گفتوگۆیەکی نێوان خۆی و زەبیحی بڵاو دەکاتەوە، کە پتر پێوەندی زەبیحی بە ئێران و ساواکەوە دەسەلمێنێ و جەخت دەکات، هەژار دەڵێ:"شەوێک گوتم: زەبیحی من هەر دەڕۆمەوە کێوان، لە کوی ناسیانم و گرتیانم تۆ سەلامەت، بەلکودەربازیشبوم..

گوتی: مەلا ڕێگە زۆر خەتەرە، وەرە دەگەڵ من بچینە تاران!

-یانی دەتەوێ عەجەم ئیعداممان بکەن؟!

- نا مەلا، سیاسەت زۆر گۆڕاوە. من خۆم جارێک چومە تاران و میوانی شاهەنشا بووم. ئێستاش من خەبەر دەنێرم ماشێن دێتە سنووری خانەقین، لێرەوە دەچینە خانەقین کە ڕێگەکەی ئەمینە، لەوێوە دەمان گەیەننە تاران"[13]. عیسا پەژمان لە دوو نامەیدا بۆ، عەلی کەریمی، نووسەری کتێبی "ژیان و بەسەرهاتی عەبدوڕەحمان زەبیحی(مامۆستا عولەما)"، پەردە لە سەر ساواکیبوونی زەبیحی –سەر بە باڵی چەپی کوردایەتی- و ڕۆڵی گرنگی وی و پێوەندی

---

[8] نەبەز..، گۆڤاری..،ل68-69.

[9] هەژار..، چێشتی..، ل224.

[10] پژمان..، اسرار..،ل68-70.

[11] سەرچاوەی پێشوو، ل70.

[12] سەرچاوەی پێشوو، ل165.

[13] هەژار..، چێشتی..، ل458.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ساواک و سەرانی پارتیی(دەستەی ئیبراهیم ئەحمەد-جەلال تاڵەبانی) هەڵدەماڵێ و بە ڕاشکاوی باسی دەکات و هیچ گومانێک لەو مەسەلانەدا ناهێڵێتەوە. ئەمیری حەسەنپوور، پێیوایە، کە زەبیحی چ لە کۆمەڵی ژ.ک دا و چ دوای وی لە باڵی چەپی کوردایەتیدا بووە. بێگومان تەنێ لەبەر ئەوەی، کە لە پارتییە جەلالییەکەدا کاری کردووە، دەنا خۆ ژ.ک بە هیچ جۆرێک چەپ نەبووە. ڕەنگە زەبیحی لە باڵی چەپی ساواکدا بووبێت، نەک باڵی چەپی کوردایەتی[14]. پەژمان لە نامەی یەکەمیدا دەنووسێت:"ئەمن لە ساڵی 1959 ساڵێک دوای قەومانی کودەتا(ئینقلاب)ی 14ی تەمووزی 1958ی عێراق بۆ هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوەی مێژوویی و جوگرافیایی، کۆمەلایەتی و بابەتەکانی دیکەی گیروگرفتی عێراق و ناوچەکانی باکووری عێراق چوومە عێراق. هەڵبەت لە توێژینەوەی ناوچەکانی ڕۆژاوای ئێران و ئەو زانیارییانەی لە بەردەستم دا بوون بەتەواوی لەگەڵ ناوی عەبدوڕەحمان زەبیحی ئاشنا بووم. کاتێک چوومە دیمشق و خەریکی تەدارەکی لێکۆڵینەوە لەسەر ناوچە جۆر بە جۆرەکانی سووریا و بە تایبەتی ناوچە کوردنشینەکانی ئەوێ بووم، لە هوتێل تووشی خودالێخۆشبوو زەبیحی هاتم. ئەو خۆی وەک عیسا عەرەفات و خەڵکی مەهاباد ناساند و هاتە دیوەکەی من و بە ڕاشکاوی و بە ڕەوتی پیاو و پیاوەتی گوتی ڕاکردووە و خەڵکی مەهابادە و باسی زەمانی حکوومەتی قازی محەمەد و هتدی هێنا گۆڕێ. ڕۆژێک دوایە لە شەقامێکی دیمشق تووشی کوردێکی ناسیاو بووم، ئەو بوو کە لە توێی قسەکانی دا ناوی ڕاستەقینەی عەبدوڕەحمانی پێ گوتم. ئەمن هیچ بەرووم دا نەداوە و دوای دووسێ ڕۆژ کە یەکترمان دەدی ئەمن چوومە بەیرووت و ئیتر ئەوم نەدیتەوە. لە ساڵی 1960 کاتێک مەئمووریيەتی عێراقم درایە وەکوو ئاتاشەی عەسکەری ئێران لە بەغدا و چوومە ئەوێ لە جێژنێکی نەورۆزدا کە بانگ کرابووم و جەلال تاڵەبانی بانگ هێشتنی کردبووم تووشی زەبیحی بووم و پێی گوتم کە ئەندامی لێژنەی ناوەندی یە و هەموو شەوەکە بە تەنیشت یەکترییەوە بووین"[15]. پەژمان لە نامەی دووەمیدا دەنووسێت:"من لە دیمشق لەگەڵی (واتە:زەبیحی-شاکەلی) بوومە ئاشنا و دوایە لە بەغدا بووینە دۆست. ماوەی پێنج ساڵ کە وەک ئاتاشەی عەسکەری لە عێراق بووم لەگەڵ بەرێزیان هاوکاری نزیکم هەبوو"[16]. زەبیحی پیاوێکی گومانلێکراو و داخراو بووە و گومانی ئەوەی لێ دەکرێ، کە هەر لە سەردەمی ژ.ک یشدا پێوەندی بە ئینگلیزەوە بووبێت. غەنی بلووریان لەو بارەوە دەڵێ:"ڕۆژێک خەریک بووم لە بەشی ڕاگەیاندنی دەبیرخانەی ژ.ک کارم دەکرد، لەوێ چاوم بە نامەیەک کەوت کە بە زمانی ئینگلیسی نووسرابوو. زەبیحی و دڵشاد خەریک بوون بە یارمەتی وەرگرتن لە ((دیکشنێر)) (فەرهەنگی زمان) دەیانکرد بە کوردی. من کارەکەم تەواو بوو وەک ڕۆژانی پێشوو چوومە لای میرحاج و مستەفاخۆشناو.

میرحاج گوتی: - ((ئەمڕۆ زوو کارەکەت بەجێ هێشتووە؟)).

- هەڤاڵان خەریکی وەرگێڕانی نامەیەکی ئینگلیسی بوون و چونکە منیش کارم نەبوو، پێمخۆش بوو بێمە لای ئێوە. ئەو گوتنەی من سەرنجی میرحاجی ڕاکێشا و گوتی:

- ((نەتزانی نامەکە لە کوێوە هاتووە؟)).

- نا، بەڵام (Line) ژێرەکەی مۆر کردوە. میرحاج گوتی:

میستر ((لاین)).

---

[14] کەریمی..، ژیان..، پێشەکی، ل25.

[15] سەرچاوەی پێشوو، نامەی پەژمان لە 12-11-1995دا، ل645-646.

[16] سەرچاوەی پێشوو، نامەی پەژمان لە 7-1-1996دا، ل647-648.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

-((لاین به نوێنەرایەتی پاشای ئینگلستان عێراق سەرپەرشتی دەکات)). بەر لەو رووداوە زۆر جاران زەبیحی کە لە ((تەورێز)) گۆڤاری((نیشتمان))ی چاپ دەکرد، سەری((کۆنسولی ئینگلیس))یشی داوە. جارێکیش قازی بەناوی سەرۆکی ژ.ک، ((عەلی ریحانی))و رەحمانی زەبیحی نارد بۆ لای کۆنسولی ئینگلستان لە تەورێز کە داوایان لێ بکەن دەوڵەتەکەیان هان بدەن یارمەتی بە بزووتنەوەی کورد بکات))"[17]. زەبیحی سەرێکی هەبوو و هەزار سەودا، بێجگە لە ساواک، لە هەمان کاتدا پێوەندی بە چەندین لایەن و خەڵکانی دیکەشەوە هەبووە. لەگەڵ دەسگا سیخوڕییەکانی عیراقیشدا پێوەندی هەبوو و کاری بۆ وانیش کردووە، واتە: دووسەرە —و زێتریش- کاری کردووە. تەنانەت لە دوا ساڵەکانی تەمەنیشیدا چووەتە نێو یەکێ لە حیزبە کارتۆنییەکانی سەر بە ڕێژیمی عیراقیشەوە[18]. لەبارەی پێوەندی زەبیحی و دەسگا سیخوڕییەکانی عیراقەوە، عەبدوڵڵا ئیسماعیل(مەلا ماتۆڕ) دەڵێ:"ئەو پیاوە(واتە: زەبیحی-شاکەلی) لەگەر(واتە: لەگەڵ-شاکەلی) ئەو جیهازە تایبەتیکانی حکومەت(واتە: ئەمن و موخابەراتی عیراق-شاکەلی) زۆر تێکەر(واتە: تێکەڵ-شاکەلی) بوو زۆریان خاتر دەگرت حەتا ئاخر جار پڕ جیبێک کەلاشینکۆف بە مەخزەنەوە بە فیشەکەوە پێیاندا نارد لە بۆ عیزەدین حوسێنی!...لێرە سیلاح و میلاحی لەوانە وەردەگرت دەیبرد بۆ عیزەدین و دوایی لەگەڵ مام جەلال شتی دییکە دەبوو، هەر لەو شتەدا تێدا چوو"[19]. لەبارەی بزربوون و تێداچوونی زەبیحییەوە، جەمال نەبەز دەڵێت:"زەبیحی چونکە زۆری حەز بە خۆدەرخستن دەکرد، لووتی لە هەموو شتێک دەژەند و لە هەموو ئاشێکدا بەرداش بوو، و ئەوەش بوو بە هۆی لەنێوچوونی لە سەرەتای هەشتاکاندا. لە بارەی بێ سەروشوێنی زەبیحی یەوە چەند چیرۆکێک دەگێڕنەوە، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە زەبیحی پاش رووخانی رژێمی شایەتی لە ئێراندا هەل هەڵکەوت بۆی، خۆی بخاتە کایەی ناکۆکی ی نێوان رژێمی بەعسی ی عێراق و رژێمی ئیسلامی ی ئێرانەوە و بەنێوی ئەوەوە کە گوایە دەتوانێ کوردی ئێران لە رژێمی ئیسلامی هان بدات کەوتە جرتوفرت، و چەک و پارەیەکی زۆری لە بەعسی یەکان وەرگرت. یەکێک لەوانەی کە ئاگای لە هەڵسوکەوتی ئەم دوایی یەی زەبیحی بوو، پێمی ڕاگەیاند کە زەبیحی هێندێکی لەو چەکانەی لە بەعسی یەکانی وەرگرتبوو دابووی بە جەلال تاڵەبانی کە ئەودەمە هاوکاری سووریا بوو و هەوڵی خۆنێزیکخستنەوەشی دەدا لە رژێمی ئیسلامی ی ئێران. ئەو سەرچاوەیە گوتی، کە بەعسی یەکان بەمەیان زانی، بە خشکەیی شوێنەونیان کرد"[20]. زەبیحی، لەگەڵ زۆرینەی دەسگا سیخوڕییەکانی عیراقدا، کە سەر بە ڕێژیمگەلێکی جیاواز بوونە، پێوەندی هەبووە. لەمەڕ ئەو پێوەندانەوە، جەمال نەبەز دەڵێت:"لە 1959 و 1960دا خۆی نێزیک کردەوە لە داوودەزگەی قاسم و ئەمنی عێراق و کەوتە راپۆرتدان لە دژی ئەو کوردانەی کە وەک ئەو "محافەزەی جمهوریەت"یان بە "سەرکردەیەتی ی کاکە کەریم" نەدەکرد{واتە: کوردە نەتەوەیییەکان-شاکەلی}، لە نێو ئەوانەدا نووسەری ئەم ووتارە{واتە: جەمال نەبەز خۆی-شاکەلی}. زەبیحی لە شەستەکاندا خۆی خستە نێو دەستەی جەلال تاڵەبانی یەوە و لەوەشەوە خۆی لە دەزگەی رژێمی عارف وبەعس نێزیک کردەوە، کە ئەودەمە بە یارمەتی ی جەلال شەڕی بارزانی یان دەکرد و ئەوجا کەوتە ووتارنووسین دژی بارزانی و هەژاری کۆنە هاورێ ی. لە

---

[17] بلوریان..، ئاڵەکۆک..،ل52.

[18] ئەمین..، لە کەناری..، ل14.

[19] کەریمی..، ژیان..، ل169-179.

[20] نەبەز..، گۆڤاری..، ل69.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

پاش بەیانی ئازار خۆی خستە نێو دەزگەی "کۆڕی زانیاری ی کورد"ەوە...ئەمجارە خۆی کردە زمانەوان"[21]. زەبیحی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی دەستەی دوکتۆر مەحموودی پەناهیان "محمود پناهیان"، کە ژەنەراڵێک بوو و لە ئازەربایجانی سۆڤیێتەوە هاتبووە عیراق و خۆی بە نوێنەری هەموو ئێرانییەک دەزانی و بە ناوی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانەوە قسەی دەکرد و موورادی ڕەزماوەر "مراد رزم اور"، کە ئەویش خۆی کردبووە دەمڕاست و دەیویست لە ڕێگەی لێقەوماوانی کوردستانی ئێرانەوە دەسگا و دەبدەبەیەک بۆخۆی ساز بکات و ئەوانە[22]، کە زۆربەیان پیاو و بەکرێگیراوی ڕێژیمی ئێران بوون، هاوکاری دەکرد و لەگەڵ موخابەرات و ئەمنی عیراقیشدا هێندە تێکەڵ بوو تا ئەو ڕادەیەی، وەک مەلا ماتۆر دەڵێ:"دەیانبردە جێگای زۆر سرڕی، لە کوللیەی ئەمنی قەومی مەحازەرەی دەدا، شتی دەنووسی"[23]. حەمەدەمین سیراجی دەڵێ:"زەبیحی لەگەڵ شێخ جەلالی حوسەینی(برای شێخ عیزەدین) و کوڕی شێخ عوسمانی بیارە هاتووچۆی منظومەی بعثی سلێمانی دەکرد"[24]. وەک مرۆڤێک زەبیحی "کابرایەکی زۆرزان و فێڵباز بوو، بەڵام هەتا بڵێیت لەخۆبایی و خۆبەزلگرتوو بوو، ئەمەش هۆیەک بوو لەو هۆیانەی کە گیروگرفتیان دروستدەکرد بۆی. بێجگەلەوەش سوروشتێکی بۆقلەموونی یانەی هەبوو، لە گچکەترین شت کە بە دڵی نەبووبایە تووڕەدەبوو و دەستی بە جنێودان دەکرد. بۆ وێنە هەرکەسێک تەماتەی بەکاڵی بخواردایە دەستی دەکرد بە جنێوپێدانی. لە باری خۆکەسی(شخصي)شەوە، زۆر سپڵە و پێنەزان بوو. لە پەنجاکاندا، چ لە بەغدا و چ لە دیمەشق، بەنێوی ئەوەوە کە پێم وابوو مرۆڤێکی دەربەدەرە، خزمەتم کردبوو، ئەویش ئەو دەمە وا خۆی پێشان دەدا کە نەک هەر دۆستمە بەڵکوو براشمە، کەچی لە دەورانی قاسمی دیکتاتۆردا نەپرنگایەوە لە جاسووسی کردن بەسەرمەوە بۆ دەزگەی قاسم و ڕژێمە دیکتاتۆری یەکەی"[25]. پەژمان بێجگە لەو دوو کەسە، زەبیحی و فەیلی، جارجاریش حیلمی عەلی شەریفی دیوە. وا دیارە پەژمان ویستبێتی هەموو سەرانی پارتیی بئەزموونێ و وردەوردە بەرەو لای خۆی(ساواک) ڕایانکێشی و ئەگەر بەتەواوەتییش بە ساواکەوە گرێ نەدرێن، ئەوا بیانخاتە گەڕ و خزمەتی کاری ساواکەوە. هەر بۆیەش هەر جارەی یەکێک لەوان دەبینێت و لەگەڵیدا وەک خۆی دەڵێ:"مذاكرات" گفتوگۆ دەکات. لە ماڵی یەکێک لە سەرۆک هۆزەکانی کوردی نیشتەجێی بەغدا، پەژمان لەگەڵ عومەر دەبابەدا، دادەنیشێ و بە درێژی لەبارەی کورد و کوردستانەوە قسان دەکەن[26]. دوای دەرچوونی عیراق لە پەیمانی بەغدا "پێوەندی نێوان عیراق و ئێران تێکچوو و شای ئێران دوژمنایەتی عیراقی دەکرد، و بە کۆمەک و دنەدانی بریتانیا و دەوڵەتە کۆلۆنیالیستەکانی دیکە، هەموو جۆرە پیلانێکی دژ بە شۆڕشی تەمووز ساز دەکرد. عیراقیش بەرانبەر بەوە کۆمەکی بە لایەنە پێشکەوتنخوازەکانی ئێرانی دەکرد و ڕادیۆیەک بە زمانی فارسی کرابووەوە و پرۆگرامەکانی دژی شا ئاراستە دەکرد. عیراق ئەو دەمە بووبووە قەڵای تێکۆشانی توودەیی و لایەنە ئێرانییەکانی دیکە، هەمووشیان دۆستی نێزیکی مەلا مستەفا بوون و زۆرجاران سەردانیان دەکرد. سەرکردەیەتی پارتیی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیش هاتبوون بۆ عیراق و دەستیان بە جووڵانەوە و خەبات کردبوو و مەلا مستەفاش لە کارەکانیاندا کۆمەکی

---

[21] نەبەز..، گۆڤاری..، ل69.

[22] حیسامی، کەریم، لە بیرەوەریەکانم 1970-1975، بەرگی چوارەم، ستۆکهۆڵم1990، چاپخانەی شیلان، ل19. ئەو "موراد ڕەزم ئاوەر"ە هەر "دوکتۆر موراد عەزیز"ەکەی نێو پارتیی دیموکراتیی کوردستانە.

[23] سەرچاوەی پێشوو، ل178.

[24] سەرچاوەی پێشوو، ل212-213.

[25] نەبەز..، گۆڤاری..، ل69.

[26] پژمان..، اسرار..،ل104.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

جووڵانەوە و خەبات کردبوو و مەلا مستەفاش لە کارەکانیاندا کۆمەکی دەکردن"[27]. تەواوی ئەوانە و دەرچوونی عیراق لە پەیمانی بەغدا و یاسای دابەشکردنی زەوی و قانوونی ژمارە 80ی نەفت –کە پشکنین و گەڕانی بەدووی نەفتدا لە تەواوی ئەو زەوییانەی، کە پێشتر نەپشکێندرابوون لە عیراقدا، لە کۆمپانییە نەفتییەکان قەدەغە کرد- و هەموو گۆڕانە گەلی و باشەکان، بوونە هۆی ئەوەی، کە ڕۆژاوا و کۆمپانییە نەفتییەکان و ئێران بە جیددی بیر لە ڕووخاندنی ڕێژیمی قاسم بکەنەوە. بۆ ئەو مەبەستە ساواک نەخشەیەک بە نێوی نەخشەی کەسک "طرح سبز"[28] دادەنێت. مەبەست لەو نەخشەیە، ڕووخاندنی ڕێژیمی قاسم و گێڕانەوە یا هێنانە سەر کاری، ڕێژیمێکی سەر بە ڕۆژاوایە بۆ عیراق و لەو ڕێگەیەشەوە مسۆگەرکردنی بەرژەوەند و قازانج و ئاسایشی دەوڵەتی ئێران بووە. بۆ ئەنجامدانی ئەو نەخشەی کەسکە، یاخیبوونی 1961یان بەرپا کرد و ساواک چالاکانە دەستی بەکار کرد و لە بنەوە دنەی ئەو لایەنەی دەدا، کە دەیانەویست جەنگ بەرپا بکەن، چونکە لەو دەمەدا و لە نێو سەرکردەیەتیی پارتیدا، دوو دیتنی جیاواز لەمەڕ جەنگکردن یا جەنگنەکردن دژی قاسم هەبوو. کەمینەیەک بە سەرۆکایەتیی جەلال تاڵەبانی و عومەر دەبابە، دەیەویست، پێش هێرشی قاسم، کورد هێرشی خۆی بکات و بیقەومێنێت، وەلێ بارزانی لە سەر دانبەخۆداگرتن سوور بوو و لەو بڕوایەشدا بوو، کە دەبێ چاوەڕوان بن و هیچ نەکەن تا ئەگەر قاسم بە شێوەیەکی ئاشکرا، دەست بە بەکاربردنی زەبر و زۆر دەکات[29]. پەژمان بە بینینی سەرانی پارتیی و هاندانیان دژی حوکوومەتی قاسم و داواکردنی لەوان و لە سەرۆکهۆزە کوردەکانی نیشتەجێی بەغدا، بۆ بەجێهێشتنی بەغدا و چوونە چیا و دەستدانە چەک، ڕۆڵێکی مەزنی لەو بوارەدا بینیوە. سەرەتای یاخیبوونەکەش بە شێوەی جووڵانەوەیەکی چەکدارانە دەستی پێکرد. جووڵانەوەکە لە لایەن "تاقمێکی دەرەبەگی وەک شێخ حەسەنی بۆسکێن، عەباسی مامەنداغا، عەلیاغای مەنگوڕ، ئیسماعیلی سواراغا و ئەنوەر بەگی بێتواتە، سەرکردەیەتییان دەکرد. ئەم تاقمە چەند یەکەیەکی چەکداریان دروست کرد و کەوتنە هاندانی خەڵک بۆ چەک هەڵگرتن و چوونە سەر چیای هەیبەت سوڵتان و خۆیشیان لە تەقتەق و ناوچەکانی دیکەی کەرکووک بڵاوکردەوە. حەمەڕەشیدخانی بانەش هێزێکی چەکداری سازکرد و لە دەربەندیخان شوێنی خۆیان گرت. چەکدارەکانی برایم چەرمەگا و کوێخاسمایلی تەلانیش لە ناوچەی دەربەندی بازیان بڵاوبوونەوە"[30]. جەختکردنی سەرانی پارتیی لە سەر قۆستنەوەی ئاژاوەیەک، کە هەندێ ئاغا و دەرەبەگ، بە هاندانی ساواک دژ بە ڕێژیمی قاسم بەرپایان کردبوو، نیشانەیەکی تەواوی وابەستەیی سەرانی پارتییە بە ساواکەوە و کە بە هەموو شێوەیەک ویستوویانە یاخیبوونێک سازکەن بۆ گەیشتن بە ئامانجە تایبەتییەکانی خۆیان. نووری شاوەیس دەڵێ: "جەلال تاڵەبانیمان نارد بۆ کوردستان بۆ ئەوەی ڕێگە بگرێ لە سازبوونی بشێوی لە بارودۆخی کوردستاندا و بۆ ئارامکردنەوەی جەماوەری تووڕە و هەڵنەگرتنی چەک دژی حوکوومەت. بە نامەیەکی کتوپڕ بۆی ڕوون کردینەوە، کە پابەندی بڕیارەکانی کۆمیتەی نێوەندیی دەبێت، بەڵام پێیوایە کە هەلومەرجی شۆڕش ڕەسیوە و جەماوەریش ئامادەی چەکهەڵگرتنن. ئێمە بێجگە لەو دەستەیەی، کە سددیق میرانیان کوشت و لە ڕووی سەربازییەوە مەلا ماتۆر سەرکردەیەتی دەکردن، پێشمەرگەی چەکداری ڕێکخراومان نەبوو. بەهۆی عومەر دەبابەوە نامەیەکمان بۆ جەلال تاڵەبانی نارد و تێیدا نووسیمان، کە ئەو لە پێڕەو و پرۆگرامی پارتیی لایداوە و

---

[27] شاویس..، من..،ص70-71.

[28] **پژمان..، اسرار..،** ص 126.

[29] اوریل..،العراق..، الجزء الاول،ص421-422.

[30] شاویس..، من..، ص81.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سەرەڕای ئەوەش بارزانی بەوەی، کە ئەو {واتە: تاڵەبانی-شاکەلی} داوای دەکات، قایل نییە. لێ عومەر{واتە: دەبابە-شاکەلی} کاتێک گەیشتێ، ئیدی کات بەسەر چووبوو و هێرش پێش گەیشتنی ئەو دەستی پێ کردبوو"[31]. سدیق میران عوسمان، یەکێک بوو لە دەرەبەگە گەورەکان و کەسایەتییە دیارەکان، کە هەرچەندە لە سەردەمی پاشایەتیدا پێوەندی بەهێزی لەگەڵ ڕێژیمدا هەبوو، سەر بە عەبدولکەریم قاسم بوو و پێوەندێکی باشی لەگەڵدا هەبوو. حوکوومەتی قاسم، ئیبراهیم ئەحمەدی بە ڕێکخستنی کوشتنی میران تاوانبار کرد، بەڵام ئیبراهیم ئەحمەد، ددانی پێدا نەنا. بەگوێرەی ئەو گوتەیەی نووری شاوەیس دیارە ئیبراهیم ئەحمەد و سەرانی پارتیی پێوەندیان بەو کوشتنەوە هەبووە. هەژاری موکریانی لەبارەی دەستپێکردنی یاخیبوونی 1961وە دەڵێ:"حیزبی شیوعی دنەی فەلاحانی سولەیمانی دا کە دژیماڵیاتی زەوی خۆپێشاندانێک ڕێک خەن. زانیمانەوە کە حیزبی پارتی لە سولەیمانی سەرۆکایەتی خۆپێشاندەرانی کردوە و هاتوون ڕێگەی دەربەندی خانیان گرتوە و بۆتە تەقە و پیاو کوژراوە و حیزب و خۆپێشاندەر شکاون، قەدەرێک پاش ئەو شکانە، نوری شاوەیس هاتە بەغدا کە لە لایەن حیزبەوە وتوووێژ دەگەڵ قاسم بکا. دەگەڵ عەبدوڵڵا کانی مارانی چوینە لای. چۆنمان لێ بیست پوختەکەی دەگێڕمەوە:<بە هەزاران وەرزێر و خاوەن موڵک بە چەکەوە کۆ بۆتەوە دژی باجی زەوی شیعاریان دەدا. حیزب هەرچەندە بڕیاری دابو خۆی توشی شەڕ نەکا، مەلا مستەفاش هەرگیز بە شەڕ دەست پێکردن رازی نەبوە، بەڵام دیتمان ئەگەر ئێمە سەرکردایەتی ئەو گەلە کۆمەکیە نەکەین، حیزبی شیوعی دەیباتەوە و ئێمە بە یەکجاری شکست دەخۆین. ناچار خۆمان لێ کرد بە ساحیب. کەچی هەر دەگەڵ تەقە قەوما و پیاو کوژرا، هەرچی ئاغا و رەعیەتن، هەر کەسە بونە دزی گای خۆیان و غەیب بون. حەفتا کەس ئەندامی پارتی نەبێ کە لە مەیدان چەقین و لە تاریکایی شەودا سەنگەریان چۆڵ کرد. شەڕێکی خۆتڕێن بو، بە زۆر بە ملمان دا هات..> بیستمەوە کە شەوی شکانەکە جەلال تاڵەبانی و نوری ئەحمەد تەها، بە سواری جیپ بە دەشتی سولەیمانی دا گەڕابوون، جوێنیان بە مەلا مستەفا دابوو: خۆی لە بارزان مانگی پێنج سەد دینار وەردەگرێ و ئێمەی فرۆشت، ئەدی بۆچی نایە شەڕ بکات؟!"[32]. بەمەدا دەردەکەوێ، کە بارزانی بێجگە لەوەی لەگەڵ ئەوەدا نەبووە، کە شەڕی چەکدار دژی ڕێژیمی قاسم بەرپا بکرێت، بەوەشی نەزانیوە، کە سەرانی پارتیی لە بنەوە و لە ڕێگەی ساواکەوە، بە تەمای سازکردنی یاخیبوونن. لەو بڕوایەدام، کە بارزانی دەستدانەچەک و دەستپێکردنی شەڕی چەکداری دژ بە ڕێژیمی قاسم، بە کارێکی کرچوکاڵ و زارۆکانە زانیوە و پێیوابووە، کە شەڕکردن زیان بە کورد و مەسەلەکەی دەگەیەنێت. دەڵێن ئازاترین و بوێرترین کەس، دوای هەموو شتێک، دەست دەداتە چەک. چینییەکانیش دەڵێن: ئەوەی یەکەمجار دەستی بە مشتوەشاندن کرد، شەڕەکەی دۆڕاندووە. بێجگە لەوەش لە نێو سەرانی پارتییشدا هەمووان بەو کارەیان نەزانیوە. ئەوەتا نووری شاوەیس وای دەداتە قەڵەم، کە بە ملیاندا هاتووە و تووش بوون. وەلێ جەلال تاڵەبانی، کە لە ئاگاداران و بەشێک لە نەخشەکە بووە، زانیویەتی، هەر بۆیەش جەختی لە سەر لەباربوونی باری جەماوەری کورد کردووە و سازکردنی یاخیبوونی بە هەل زانیوە. ساواک زۆر بە ئاشکرا ویستوویەتی بۆ بەجێهێنانی نەخشەکانی خۆی، هەموو کارێک بکات. بۆ ئەنجامدانی ئەو کارەش لە کورد باشتریان دەست نەکەوتووە، کە بیکەن بە گژ قاسمدا. لە نێو کوردیشدا سەرانی پارتیی، کە هەر پێشتر خۆیان خستبووە بازنەی ئێران و ساواکەوە، باشترین کەسانێک بوونە، بۆ وەئەنجام گەیاندنی ئەو نەخشەیە. سەرانی پارتیی هەر پێش ئەو مێژووەی، کە خۆیان بە سەرەتای یاخیبوونی 1961ی

---

[31] شاویس..، من..، ص82.

[32] **هەژار.. چێشتی..** ل350-356.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دادەنێن، دەست بە ئاژاوەنانەوە دەکەن. هەر لە سەرەتای مانگی شوبات یا مارسی 1961دا، لە شاری سلێمانی، بە دەستی چەکداری پارتیی، پۆلیسێک دەکوژرێت و پۆلیسخانەیەکیش لە دەوروبەری سلێمانی پەلامار دەدرێت و دەگیردرێ و چەکی پۆلیسەکانی دەبرێن. دیارە لە ماوەتیش هەر ئەو دەمە بنکەیەکی چەکداری و حیزبی بۆ سەرپەرشتیکردنی شەڕی چەکدار، دادەنرێت[33]. ساواک بۆ پتر دڵنیایی لە سەرکەوتنی نەخشەکانی خۆیان، داوا لە پارتیی دەکەن، کە جەلال تاڵەبانی و عومەر دەبابە بنێرنە ئێران، بۆ لە نێزیکەوە ناسیاوی و گفتوگۆکردن. پارتیی پاش ماوەیەک بڕیاری ناردنی عومەر دەبابە و عەلی عەسکەری دەدات و ئیدی لە ڕێگەی ڕێکخراوی پارتییەوە لە کوردستان و سەرۆکهۆزی پشدەر و لە ڕێگەی سەردەشتەوە، دەبابە و عەسکەری، دەچنە تاران و لەوێ میوانی ماڵی پەژمان دەبن و ساواکیی دیکەش دەبینن و گفتوگۆی زێتر لەمەڕ خۆشکردنی ئاگری شەڕ دژ بە حوکومەتی قاسم دەکەن[34]. لە بارەی ئەو سەفەرەی عومەر دەبابە و عەلی عەسکەرییەوە بۆ ئێران، نەوشیروان مستەفا دەڵێ:"ساڵی 1962 عومەر مستەفا و عەلی عەسکەری نامەی مەلا مستەفایان برد بۆ ئێران"[35]. پێموایە نەوشیروان مستەفا بە هەڵەدا چووبێت، چونکە پەژمان، کە بۆ خۆی ئەندازیار و نەخشەدانەری ئەو پێوەندانە بووە و هەر بۆ خۆیشی خانەخوێی ئەو دوو جوامێرانە بووە، چونکە لە تاران میوانی وی بوونە، ئەگەر هاتبا و نامەی بارزانییان پێ بووایە، ئەوا هەر دەبوو لە ڕێگەی پەژمانەوە بە دەسەلاتدارانی ئێرانی بگەیەندرابا و ئەڵبەت پەژمانیش لە جێگەیەکدا ئاماژەی بەوە دەکرد. نەوشیروان مستەفا هەر بۆ خۆی ئەو ڕایەی خۆی پووچەڵ دەکاتەوە و بە پێچەوانەی ئەوەشەوە دەڵێ:"ئێران جوری لە پەیوەندی لەگەل مەکتەبی سیاسی دروست کردبوو. هیشتا پەیوەندی لەگەڵ بارزانی دانەمەزراندبوو"[36]. عیسا پەژمان لە بارەی یاخیبوونی 1961 و سەردانی عومەر دەبابە و عەلی عەسکەرییەوە بۆ ئێران و ڕۆڵی زەبیحی لەوەدا دەنووسێت:"لە ساڵی 1961 کە بابەتی هاوکاری ئێران و کوردەکانی باکووری عیراق هاتە گۆڕێ و هەموویان(سەرۆکەکان) چوونە باکوور. کاک عەبدولڕەحمان {واتە: زەبیحی-شاکەلی} و چەند کەسی دیکە لە بەغدا مانەوە و بە نهێنی دەژیان و لە لایەن حیزبەوە (پارتی دێموکراتی کوردستان) لەتەک مندا لە پێوەندی دا بوون. هەڵبەت یەدولاّ فەیلی پەیامهێنەر بوو و حەوتووی جارێک و ئەگەر پێویست بووبا دوو جار لەماڵی خۆم چاوم بە کاک عەبدولڕەحمان {واتە: زەبیحی-شاکەلی} دەکەوت و هەر جۆرە عەمالییاتێکی موشتەرەکی هەمانبا بە هاوفکری یەکتری جێ بەجێمان دەکرد....یەک دوو جار بە نەهێنی و بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری حیزبی لەتەک عومەر دەبابە و عەلی عەسکەری هات بۆ تاران و لە ماڵی من دەبوون(بۆ خۆم لە مەئموورییەتی بەغدا بووم) بەلاّم بۆ ئەو کارە لە تاران دەبووم تا ئەو کاتەی دەگەڕانەوە..."[37]. پەژمان جەخت لە سەر ئەوە دەکات، کە زەبیحی ڕێکخەری سەردانی عومەر دەبابە و عەلی عەسکەری بۆ ئێران بوو و لەو بارەیەوە دەنووسێت:"ئەو{واتە: زەبیحی-شاکەلی} تەرتیبی هاتنی عومەر دەبابە و عەلی عەسکەری بۆ ئێران ئامادە کرد، چونکوو بەرپرسی پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراق لە بەغدا بوو. لە هەمان کاتدا ئەندامی لێژنەی ناوەندی و کۆمێتەی(مەکتەبی)سیاسیش بوو..."[38]. پەژمان باس لەوە دەکات، کە ئەو بۆ خۆی و زەبیحی"ساواکییانە" چەندیان "خزمەت" بە کورد و

---

33 پژمان..، اسرار..، ل109-110.

34 سەرچاوەی پێشوو، ل106-108.

35 ئەمین..، پەنجەکان..، ل66.

36 ئەمین، نەوشیروان مستەفا، لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ، بەرلین 1997، ل298.

37 کەریمی..، ژیان..، نامەی پەژمان لە 12-11-1995دا، ل645-646.

38 سەرچاوەی پێشوو، نامەی پەژمان لە 7-1-1996دا، ل647-648.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کوردستان کردووه! و تەنێ ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی –کە بەشێک بوونە لە نەخشە کەسکەکە- ئاگادارن لەو خزمەتانە. پەژمان لەو بارەوە دەڵێت:"یادزیندوو زەبیحی و من ئەوەی کە توانیمان بۆ کورد و کوردستانمان کرد. تەنێ کاک برایم و جەلال تاڵەبانی ئاگایان لێیە"[39].

بێگومان بوونی دوو نێوەندی دەسەلات لە ناو یەک جووڵانەوەدا، کارێکی زۆر خراپ دەکاتە سەر ڕەوتی ئەو جووڵانەوەیە، ئەوەیش کە پتر ناجۆریی نێوانی بارزانی و تاقمی ئیبراهیم ئەحمەدی قووڵتر دەکرد و لەیەکدی دوور دەخستنەوە هەر ئەوە بوو. دیارە سەرباری گەلێک خاڵی دیکە، کە هۆی جیاوازیی ئەوان بوو. ئەحمەد بانیخێڵانی دەڵێ:"خاڵێکی تریش هەبوو کە ئاگری ئەم ناکۆکییەی خۆشتر دەکرد، ئەویش پەیوەندی(م.س) بوو بە ئێرانەوە بەبێ ئاگاداری بارزانی و لە پشتی ئەوەوە ڕێکخرابوو"[40]. بۆ پتەوکردنی پێوەند و گرێدانی زێتر و زۆرتر ئاگاداربوون لە کار و ڕاپەڕاندنی فەرمان، ساواک بڕیار دەدات لە ماوەت، کە بارەگای مەکتەبی سیاسیی پارتیی لێبوو، دەسگایەکی بێتەل دابنێت بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ بتوانرێت پێوەند لە نێوان مەکتەبی سیاسی و ساواکدا ئەنجام بدرێت. بۆ ئەو مەبەستە سەرهەنگێکی کورد بە نێوی"ئێرەج مەنسوورپوور- ایرج منصورپور یا منصورپوور" دادەنێن و بە خۆ و بە دەسگایەکی بێتەلەوە دەینێرنە ماوەت و لەوێش وەک نوێنەرێکی تەواو و دەمڕاستی ساواک پێوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەددا دەبێت[41]. لەبارەی پێوەندی پارتیی و ئێرانەوە، جەلال تاڵەبانی دەڵێ:"ساڵی 1961 عەباسی مامەند ئاغا سەرۆکی ئاکۆی پشدەر کە لەگەڵ شۆڕشدا بوو، عەبدوڕڕەحمان ڕووتەی برادەری خۆی نارد بۆ لای جەنەراڵ ورهرام ی سەرۆکی هێزەکانی ئێران لە ورمێ. عەبدوڕڕەحمان ڕووتە کادرێکی پارتیی بوو، خەڵکی کۆیە بوو و خاڵی عەلی عەبدوڵڵای ئەندامی مەکتەبی سیاسی ئەودەم بوو. ئەم پێوەندانە کە ئێمە پێمان نەدەزانین تا کۆتایی ساڵی 1962 بەردەوام بوو"[42]. وەلێ نەوشیروان مستەفا لەبارەی هەمان مەسەلەوە دەڵێ:"ئێران بە نهێنی پیوەندی لەگەل م س دامەزراند و ئەفسەرێکیان بۆ پێوەندی ناردە لایان. ئەمانیش ئەورەحمان روتەیان کرد بە بەرپرسی پیوەندییەکانیان. پیوەندییەکانیان زۆر بە نهینی و لەگەل ساواک بو"[43]. کەواتە ئەو ڕایەی جەلال تاڵەبانی ڕاست نییە، چونکە ئەوڕەحمان ڕووتە، مەکتەبی سیاسی داناوە و ئەو ئەفسەرە ئێرانییەش هەمان ئێرەج مەنسوور (مەنسوورپوور)ە، کە پەژمانیش باسی دەکات. بێجگە لەو مەنسوورپوور و عیسا پەژمانە، کە جووتە جاسووسێکی ناسراو بوون، "سەرهەنگ مودەڕیسی"، کە لای پارتیی ناوی خۆی نابوو عەلی و، "عەبباس ئارام"یش هاتوچۆی عیساوی و مالوومە –بارەگاکانی سەرانی پارتیی- یان دەکرد. ئیبراهیم ئەحمەد بۆ خۆی بەم جۆرە باسی پێوەندی پارتیی دەگەڵ ئێراندا دەکات:"کاتێ پەلیتبیرۆی پارتی ویستی پەیوەندی لەگەڵ ئێراندا ببەستێ، خوالێخۆشبووان عەلی عەسکەری و عومەر دەبابەیان نارد، هەر لە بانەوە پەیوەندییان لەگەڵ تاراندا کردبوو، ساواکی ئەوێ پێیان ووتبوون، چاوەڕێ بکەن وەڵامتان لێ دەگێڕینەوە. لەپاش هەفتەیەک وەڵامیان دابوونەوە، کە بمێننەوە ڕاسپاردەمان هەیە، ڕاسپاردەکەیان چی بوو؟ شا دەفەرمووێ، مەلا مستەفا هیچی بەدەست

---

[39] سەرچاوەی پێشوو.

[40] بانیخێڵانی، بیرەوەرییەکانم، ل216.

[41] پژمان..، اسرار..، ص111-112.

[42] ادامسن..، الحرب..، ص48(المقدمة بقلم جرجيس فتح الله المحامي).

[43] ئەمین..، پەنجەکان..، ل66.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

نییە، هەموو شتێ بەدەست پارتییە"[44] و کە باس دێتە سەر خۆی، ئیبراهیم ئەحمەد دەڵێ:"یەکەم جار کە من چووم بۆ ئێران، لە مانگی سەپتەمبەری 1962دا بوو"[45]. ئەگەر پێوەندکردن بە دەسگا جاسووسییەکانی وڵاتانی دیکەوە، وەک ساواک، کارێکی جاسووسیانە بێت، کە هەر واشە، ئەوا "مەڵبەندی جاسووسی لە قوتابخانەی برایم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانییەوە دەست پێ دەکا، ئەوان رێگەی جاسووسییان بۆ کورد خۆش کردووە. تاڵەبانی لە ساڵی 1962دا، ئەو کاتەی بارزانی لە ناوچەی سنوورەکانی تورکیا لە ئامێدی و زاخۆ شەڕی پارتیزانی دەکرد، نوێنەری ئێرانی هێنا لە ((عیساوە)) داینا و نوێنەری خۆی نارد بۆ ئێران، هەر لە هەمان ساڵ چەکی لە ئێران وەرگرت"[46]. ساواک وەک پیشەی خۆی لە دوژمنایەتیکردنی بارزانیدا هەموودەم رۆڵی خۆی دەبینی. هەر بۆیەش هەمیشە لە بیری داڕشتنی نەخشە و پیلاندا بوو بۆ وەتاقخستنەوەی بارزانی و دەسەڵاتدانەدەست تاقمی ئیبراهیم ئەحمەد-جەلال تاڵەبانی. ئەو تاقمەش تەواوی پێوەند و هاریکارییان لەگەڵ ساواکدا بێجگە لە چەند هۆیەکی دیکە، بە پلەی یەکەم بۆ وەلانانی بارزانی بووە، دیارە کۆسپ و تەگەرەیەکی مەزن، کە رێگری جێبەجێکردنی نەخشەکانی ساواک بووە، بارزانی بووە، دەنا "زۆر چەپ و شۆڕشگێڕەکانی" سەرانی پارتیی، دەستەی ئیبراهیم ئەحمەد، هەموو "دەخۆنە" و وەک پەژمان گوتەنی "گیروگرفت و موشکیلەی ئەساسی ئێمە{ساواک-شاکەلی} مەلا مستەفا بوو کە تا رۆژی مردن دەستی لە دوژمنایەتی و لاساری و کارشکێنی هەڵنەگرت..."[47]. ئیبراهیم ئەحمەد چەند مانگیی کۆتایی 1963 و سەرەتای 1964ی لە ئەوروپا بردە سەر و بە رێگەی ئێران و کارئاسانی ساواک خۆی گەیاندە ئەوروپا، دەنا هیچ رێگەیەکی دیکەی بۆ دەرچوون لە کوردستان نەبوو[48]. هەژاری موکریانی دەڵێت:"حیزبی پارتی بێ پرسی مەلا مستەفا لەگەڵ ئێرانیەکان پەیوەندی گرتوە. عیسا پەژمانی ساواکی هاتۆتە لایان، بڕیاری داوە ئێران بە دزیەوە یاریدەیان بدا، بەو شەرتە بارزانی کە دوژمنی سەرسەختی شا و کمونیستی مۆسکۆیە لەناوخۆیان دەراوێن"[49]. سازکردنی دووبەرەکی ساڵی 1964یش بەو هیوایە بوو، وەلێ بە زیانی ئەو تاقمە و ساواک خۆیان شکایەوە. بەهاری 1964 کۆنفرانسی ماوەتیان گرت و "کۆنفرانسەکەیان بۆ ئەوەبوو بارزانی لە هەموو دەسەڵاتێک رووت بکەنەوە. ئەمەیش شتێکی لەناکاو و دیراسەنەکراو نەبوو، تاڵەبانی و برایم ئەحمەد پێوەندییان بە شای ئێران و ساواکەوە کردبوو...نوێنەری شایان هێنایە عیساوە کە ناوی پوژمان{مەبەستی پەژمانە-شاکەلی}بوو...ئەو کات شا و ساواک، مەلا مستەفایان بە کۆمۆنیست لە قەڵەم دەدا، هەوڵیان دەدا مەرکەزێک لەناو پارتیدا دروست بکەن لە دژی مەلا مستەفا، کەسیان لە جەلال تاڵەبانی و برایم ئەحمەد باشتر نەدۆزییەوە لەبەر ئەوە بە پارە و بە چەک هانیان دان. ساواک لەسەریانی سەپاند دەسەڵات بەدەست مەلا مستەفاوە نەهێڵنەوە. چەند رۆژێک پێش بەستنی کۆنفرانسی ماوەت برایم ئەحمەد چووە قامیش و لەوێ پوژمانی دیت و رێککەوتن لەسەر بڕیارەکانی کۆنفرانس کە چۆن بڕیار دەدەن بۆ رووتکردنەوەی مەلا مستەفا لە دەسەڵات"[50]. عیسا پەژمان، نەک هەر بینراوە یا قسەی لەگەڵ

---

[44] عەزیز،، پێنج،، ل48.

[45] سەرچاوەی پێشوو.

[46] هەریری،، بۆ ئەوەی،، ل41-42.

[47] کەریمی،، ژیان،، نامەی پەژمان لە 7-1-1996دا، ل647-648.

[48] عەلی،، سۆڤیەت،، ل96.

[49] هەژار،، چێشتی،، ل370.

[50] هەریری،، بۆ ئەوەی،، ل105.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کراوە، بەڵکە بۆ خۆی لەو کۆنفرانسەدا بەشدار بووە[51]. بە درێژایی ساڵانی 1960ەکان پێوەندی ساواک لەگەڵ دەستەی ئیبراهیم ئەحمەددا چ گیروگرفتێکی تێ نەکەوت، بەڵکە پتر و پتر بەرەو پێشەوە دەچوو. تەنانەت کاتێک، کە ئەو دەستەیە هیچ جۆرە دەسەڵاتێکیشیان بە سەر خاکی کوردستاندا نەمابوو، پێوەندەکان هەر لە بەردەوامبووندا بوون. ساڵی 1964، کە تاقمی ئیبراهیم ئەحمەد-جەلال تاڵەبانی، پشتیان کردە شۆڕشی کورد و جاڕی خۆجوێکردنەوەیان لە پارتیی و سەرکردەیەتیی بارزانی دا، کوردستانیان جێ هێشت و هەڵاتن و خۆیان گەیاندە ئێران، ساواک سەرەتا لە سەربازخانەکانی کوردستانی ئێراندا ڕایگرتن و دووجارانیش هێرشی پێکردنە سەر بنکەکانی پێشمەرگەی کوردستان[52]. دواتر ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی و چەند بەرپرسێکی دیکەیان بردە تاران و لەوێ لە خانووی ساواکدا دانران و ئەوانی تریشیان گواستنەوە بۆ سەربازخانەکانی هەمەدان[53]. ئەوان کە ماوەی ساڵێک زێتر لە ئێران مانەوە، لەگەڵ دەسگای جاسووسیی ئێران (ساواک)دا هاریکارییان دەکرد[54]. عیسا پەژمان کە لەو کاتەدا کارمەندێکی فرەگەورەی ساواک بوو"لەلایەن ئەو دەزگایەوە تەرخان کرا بۆ پێشوازیی ئەوان و هەر پێویستییەکیان هەبوایە، وەک ئوتومبیل و شۆفێر و جێبەجێکردنی ئوتێل و خانوو لە تاراندا بۆ سەرانی ئەو تاقمە ئەنجامی دەدا"[55]. ساواک هێندەیان دەست بە سەر تاقمی ئیبراهیم ئەحمەد-جەلال تاڵەبانیدا دەڕۆیشت، تەنانەت لەو کاتی لێکەوتنەشیاندا، دەیانەویست بەتەواوی دایاندۆشن و ئەوپەڕی سوود لە خزمەتی ئەوان وەرگرن و تا لەنێوبردنی یەکجاریی بارزانی و شۆڕشەکەی بەکاریان ببەن. تاقمی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی هێندە پێوەندیان بە ئێران و ساواکەوە بەهێز بوو، کە کاتێکیش هەڵاتن بۆ ئێران و بارزانی هەڕەشەی لە ئێران کرد و داوای بەدەستەوەدان و گێڕانەوەیانی بۆ کوردستان کرد، ئێرانییەکان"پێشیان کەوتن و مافی پەنابەریی سیاسییان پێ دان و بەو جۆرە خۆیان لەو داواکارییانە گێل کرد"[56]. ساواک هەر بەوەشەوە نەوەستا بەڵکە"توانستی خۆپڕچەککردن و خۆڕێکخستنەوەی بۆ لایەنگرانی ئیبراهیم ئەحمەد ڕەخساند و، لە ئابی 1964دا وای لێ کردن، کە بتوانن سەرلەنوێ بگەڕێنەوە بۆ کوردستان"[57]. یەکەم خشتی بناخەی شەڕی براکوژی بە نەخشەی ساواک دانرا، چونکە بە کۆمەکی ساواک چەکدارەکانی دەستەی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی، لە ئێرانەوە هێرشیان بۆ سەر بنکەکانی پێشمەرگە دەهێنا. بارزانیی گەشتێکی بە ناوچەکانی کۆنی ژێردەسەڵاتی ئیبراهیم ئەحمەد و تاقمەکەیدا کرد. لە گوندی "بناوەسووتە"ی پێنجوین، لە ماڵی "قانیع"ی شاعیر، بارزانیی ناردی بە شوێن موختاری گوندی"بایاوە"ی بەری ئێراندا و داوای لێ کرد، بە لێپرسراوانی ئێران ڕابگەیەنێت، ئەگەر جارێکی دیکە چەکدارەکانی دەستەی ئیبراهیم ئەحمەد، یەک فیشەک بەم دیودا بتەقێنن، هێزەکانی خۆی ڕادەسپێرێت، ئەگەر پێویستی کرد تا تاران ڕاویان نێن. ئیدی دوای ئەو هەڕەشەیە حوکوومەتی ئێران، چەکدارانی جەلالیی کێشایەوە و سەرکردەکانیانی بردە تاران و ئەوانی دیکەشیان لە بەنگەڵەکانی"کارگەی شقارتەی هەمەدان" دانران[58]. کۆمۆنیستەکانی سۆڤێت، کە

---

[51] عەلی..، سۆڤیەت..، ل95.

[52] سەرچاوەی پێشوو.

[53] ڕێبوار(ئاسی ڕەباتی)، هەڵوێستی یەکێتی و تاڵەبانی دەربارەی شۆڕشی کوردستانی باشوور، بەشی یەکەم، چاپی یەکەم، سوید1989، ل21.

[54] نەبەز، جەمال، کوردستان و شۆڕشەکەی، کوردۆ لە ئەڵەمانی یەوە کردوویە بە کوردی، بنکەی چاپەمەنی ئازاد، سوید1985،ل242.

[55] شارباژێری..، بوختانەکانی..، مامۆستای کورد، ژمارە 9، ل22.

[56] نکدیمون..، الموساد..، ص118.

[57] سەرچاوەی پێشوو.

[58] عەلی..، سۆڤیەت..، ل96.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سالآنی 1963 و دواتر دۆستی کورد بوون، ئاگاداری کەین و بەین و پێوەندی دەستەی ئیبراهیم ئەحمەد و ئێران بوون. لە جڤینگەلێکدا لە نێوان عەرەبەکان و نوێنەرانی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤییێتدا، وەک ئەدیب ئەلجادر"أديب الجادر" دەیگێڕێتەوە، کە لە قاهیرە ئەنجام دراوە، عەرەبەکان نیگەرانی خۆیان لەمەڕ هەڕەشەی ڕۆژاوا و بەتایبەت ئێران دەردەبڕن، کە چۆن هەوڵی هاندانی کوردان دەدات، تا عیراق بخاتە بەر مەترسییەوە و پێیان دەڵێن، کە بەڵگەیان لەمەڕ ئەو جۆرە پێوەندانەی کورد و ئیمپریالیزمەوە هەیە. کۆمۆنیستە سۆڤییێتییەکان پێیان دەڵێن، کە ئەوانیش دەزانن ئەو جۆرە پێوەندانە هەن، وەلێ نەک لەگەڵ مەلا مستەفای بارزانیدا[59]. لە کاتێکدا کە ئێران پێوەندی لەگەڵ سەرانی پارتی و بارزانیشدا هەبووە، ئێران(ساواک) ئەوەندەی لە سەرانی پارتیی دڵنیا بووە، لە بارزانی دڵنیا نەبووە و ئەوەندەی بڕوا و متمانەی بەوان بووە بە بارزانی نەبووە[60]. ڕەنگە ئەو مەسەلەیەش پێوەندی بە ڕابوردووی بارزانییەوە هەبێت وەک شۆڕشگێڕێک، کە لە کۆماری مەهابادا بەشداریی کردبوو و ڕۆڵێکی قارەمانەنەشی بووبوو و پلەی ژەنەراڵی وەرگرتبوو و وەک قازی موحەممەدیش خۆی بەدەستەوە نەدابوو، بەڵکە بە پێچەوانەشەوە، تەنانەت دوای ڕووخانی کۆماری مەهابادیش، دژی لەشکری ئێران و عیراق و تورکیا و دیسان ئێران جەنگابوو و دوای ئەوەش هەڵاتبوو و پەنای بردبووە بەر سۆڤییێت و لە ئێرانیش حوکمی خنکاندنی بە سەردا درابوو. شای ئێران باش دەیزانی، بارزانی بڕوای بەو نییە و ئەوان هەر لە سەردەمی کۆماری مەهابادەوە یەکدییان دەناسی[61]، بۆیە ئێرانییەکان لەبەر بزێوی لێی دڵنیا نەبوونە و ئەوان خەڵکی دەستەمۆ و کەوی و گوێڕایەڵیان ویستووە، کە سەرانی پارتیی نموونەکانیان بوونە. دواتریش بۆ ئەوەی هەر لە مەیداندا هەبێت و کار بکاتە سەر ڕێڕۆی سیاسەت لە کوردستان و عیراقدا، دەبوو ئێران دوای خۆجیاکردنەوە و لادانی ئیبراهیم ئەحمەد وتاقمەکەی لە پارتیی و سەرکردەیەتی بارزانی و هەڵاتنیان بۆ ئێران، وەدووی هاوپەیمانێکی دەسەڵاتداردا لە کوردستان بگەڕێت، بۆ ئەوەی درێژە بە سیاسەتی خۆی بدات. تاکەهێزی دەسەڵاتداریش لە نێو بزاڤە چەکدارییەکەی کوردستاندا، تەنێ سەرکردەیەتی بارزانی بوو، بۆیە"ئێران لە 1964 بە دواوە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ مەلا مستەفا وەکو دەسەلاتی ئەمری واقیع، دامەزراند"[62] و ئەوەشیان بۆ ساغ بووەوە، کە تاکەکەسێک و لایەنێک، کە لە کوردستاندا شتی پێ بکرێت، بارزانییە و زۆرینەی ئەندامان و لایەنگران و سەرانی پارتیی و هێزی پێشمەرگە و خەڵکی کورد لەگەڵ ئەودان، بۆیە هەر دەبوو خۆ بەو بگەیەنن و پێوەندی پێوە بکەن. پاش قۆناغی هەمەدان و گەڕانەوەی تاقمی ئیبراهیم ئەحمەد-جەلال تاڵەبانی بۆ عیراق و چوونە بەغدایان لە ساڵی 1966دا، پەژمان کە "دەرگای رەفاقەت و دۆستیی لەگەڵ سەرانی ئەو تاقمەدا کردبووەوە و تاکو ئێستاکەش، دوای ئەو هەموو ساڵە...ئەو دۆستیی و برایەتییەی لەگەڵ سەرانی ئەو تاقمەدا هەر ماوەتەوە و بەردەوامە لەسەری"[63]، هەر بەو تاقمەوە نەوەستا، بەڵکە لە ڕێگەی ئەوانیشەوە توانی لەگەڵ سەرانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ئێرانیشدا پێوەند ساز کات و بچێتە ناویانەوە. پەژمان "بەبۆنەی سەرانی ئەو تاقمەوە{تاقمی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی-شاکەلی}کە لەو کاتەدا لەناو کورددا نازناوی جاشی(66)یان پێ درابوو، لەگەڵ بەناو سەرانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ئێراندا، کە لە بەغدا بوون، بوو

---

59 سەرچاوەی پێشوو،ل97-98.

60 پژمان..، اسرار..، ص118.

61 راندل، جوناتان، امة في شقاق، ترجمة فادي حمود، دارالنهارللنشر، بيروت 1997، ص199.

62 ئەمین..، پەنجەکان..، ل88.

63 شارباژێڕی..، بوختانەکانی..، ل22.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

به ئاشنا و رەفیق. ئەو دۆستایەتی و رەفاقەتە گەیشتە رادەیەک ئەگەر جارجارێک لە باڵوێزخانەی ئێراندا بە بۆنەی سەری ساڵەوە(نەورۆز)، یان رۆژی لەدایکبوونی حەمەرەزاشاوە(6ی بەهمەن-26ی کانوونی دووەم) جەژنێک بەرپا بکرایە، هەموویان یان زۆربەی ئەو بە ناو ئۆپۆزیسیۆنانە لەو جەژنانەدا بەشدارییان دەکرد. خۆ ئەگەر هەر کەسیش نەهاتایە لەوان، سەرۆکی ئەوان کە هەم ریش سپییان بوو و هەم رێنوێنیان بوو، لەو جۆرە جەژنانەدا هەمیشە بەشداریی دەکرد، ئەمن بۆ خۆم لەو جۆرە جەژنانەدا کە دوو جاریان دەعوەت کرابووم زۆربەی سەرانی ئەو ئۆپۆزیسیۆنانەم بە چاوی خۆم دەدی کە چۆن لەگەڵ سەرهەنگ عیسا پەژماندا پێکی ویسکیان بە سەلامەتیی حەمەرەزاشا دەنۆشی"[64]. ساواک تا ڕادەیەکی ئەوتۆ داچۆڕابووە نێو تاقمی جەلالییەوە، کە ئیدی لە هەموو درشت و وردێکیان ئاگادار بوو و هەوڵی دەستێوەردان و کارتێکردنیشی لە نێویاندا بە هەموو شێوەیەک دەدا. ساڵانی 1968 و 1969، کۆمەڵە لاوێکی مارکسیستی ئێرانی لە بەغدا لای جەلالییەکان داڵدە درابوون. بە هاندانی ئەم لاوانە و کارتێکردنی ئەوان، کۆمەڵە لاوێکی نێو پارتیی جەلالی، کەوتنە سەر بیری ئەوەی، کە رێکخراوێکی مارکسی دروست بکەن[65]. ساواک ئەو دەرفەتەی قۆستەوە و دوکتۆر هاشمی شیرازی "یەکێک لەو کەسانەی خوسرەوی روزبەی دا بە گرتن و ئیعدام کردن"[66] تەرخان کرد بۆ پێوەندکردن بەو لاوە جەلالییانەوە. دوکتۆر شیرازی بە ناوی نهێنی "دوکتۆر جەلال" ەوە هاتووچۆی بەکرەجۆ –کە بارەگای جەلال تاڵەبانی تێدا بوو-ی دەکرد و لەوێ لای خەڵک بە فیدایی ئێرانی دژی رێژیمی شا دەدرایە ناسین و لەگەڵ ئەو لاوە جەلالییانەدا، کە یەکەم شانەی رێکخراوێکی مارکسییان سازکردبوو، کە پاشان بوو بە کۆمەڵەی مارکسی-لێنینی کوردستان، کۆ دەبووەوە و پێوەندیشیان تا ساڵانی دوای یازدەی ئاداری حەفتا و خۆهەڵوەشاندنەوەی پارتییەکەی تاڵەبانیش هەر بەردەوام بوو[67]. پاش پەیمانی ئەلجەزایری نێوان سەددام حوسەینی عیراق و شای ئێران لە مارسی 1975 و هەرەسهێنانی شۆڕشی کوردستانی باشوور، شای ئێران هەستی بەوە کردبوو، کە رێژیمی بەعس لە ژێرەوە خەریکی خۆبەهێزکردن و خۆچەکدارکردنە. بۆ سەرگەرمکردنی ئەو رێژیمە و بە وریاییەوە نەبادا پەیمانی ئەلجەزایریش هەڵوەشێتەوە، دیسان شا پێویستی بە سەرانی جەلالی بووەوە و بۆ ئەو مەبەستەش، سەرهەنگ عیسا پەژمانی، ساواکی و دۆستی جەلالییانی، هێنایە ئاراوە و لە رێگەی ئەوەوە پێوەندی بە سەرانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانەوە، کە لەو ماوەیەدا لە دیمەشق دامەزرابوو و ژمارەیەکی زۆریان لە سووریا و لە ئەوروپا بوون، کرد. پەژمان لە پاییزی 1976دا نێردرا بۆ ئەوروپا و لەگەڵ یەکێک لە سەرکردەکانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستاندا کەوتبووە گوتوبێژ. وەک تەواوکەرێکی ئەو نەخشەی سەرگەرمکردنەی بەعسە و بۆ بەهێزکردنی هێزی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و کۆمەک پێیان، رێژیمی شا، رێی دا بەو پێشمەرگانەی، کە لە ئێران دوای هەرەس پەنابەر بوون، تا بچن بۆ سووریا. لەوێش ئەمانە لەلایەن سەرانی یەکیەتییەوە قۆزرانەوە. بێجگە لەوەش رێژیمی شا بە پارەش یارمەتییەکی زۆری رێژیمی سووریای دا، کە پێشمەرگەکانی یەکیەتیی، چەکدار بکات و بیانکات بە عیراقدا، چونکە سووریا بۆ خۆیشی ئەو دەمە، دوژمنی رێژیمی عیراق بوو[68]. پاش ئەو کاتەش، ئێران هەرچەندە پێکهاتنی ئەلجەزائیریشی لەگەڵ عیراقدا، مۆر کردبوو، لێ هێشتاش

---

[64] سەرچاوەی پێشوو، ل23.

[65] رێبوار(ئاسی رەباتی)..، هەڵوێستی..، ل 28.

[66] شاربازێڕی..، بوختانەکانی..، ل23.

[67] رێبوار(ئاسی رەباتی)..، هەڵوێستی..، ل 28.

[68] نەبەز، جەمال، من شێواندوومە لێتان یان هەر خۆتانن سەر لێ شێواو،1989،ل66.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

پێوەندی لەگەڵ دەستە و تاقمی جەلالی نەپساندبوو. ئەو هێرشەی، کە جەلالییان کردیان بۆ سەر پارتیی دیموکراتیی کوردستان(قیادەی موەققەتە) و پێکدادان و جەنگی هەکاری لێکەوتەوە، بە پێزانین و کارئاسانی ئێران و ساواک ئەنجام درا. ئێران باش دەیزانی ئەو هێزەی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، بە ڕێ دەکەون بۆ جەنگی پارتیی، چونکە ساواک بۆ خۆیان چەند جارێک خەڵکیان ناردبوو بۆ لای سەرکردەیەتیی یەکیەتیی نیشتمانیی و پێیان ڕاگەیێندرابوون، کە ئێران چاوپۆشییان لێ دەکات و پێدەچوو یەکیەتییەکانیش سەرێکیان بۆ لەقاندبن. چەکدارانی یەکیەتییش پێیان خۆشبوو، تەنێ لەبەر ئەوەی بە ئۆتۆمبیل نەک بە پیادە بە نێو ئێراندا تا کێلەشین بڕۆن. ئەو دەمە چەند کەسێکی سەر بە ساواک: مینەکووپە و ڕەسووڵی برای مینە کووپە و بەیجان جندی، لە نێوان ساواک و یەکیەتییدا هاتوچۆیان دەکرد و زانیارییان دەبرد و دەهێنا[69].

## پێوەندی ئیبراهیم ئەحمەد و هاوبیرانی بە ئیسرائیلەوە

یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، بەرۆگر و درێژەپێدەری بیری ئیبراهیم ئەحمەد و جەلالیەتی، لە کتێبچەیەکدا بە نێوی"پێوەندی سەرکردەیەتی بارزانی بە ئیسرائیل و دەسگای جاسووسی مۆسادەوە-إرتباط القيادة البارزانية باسرائيل و جهاز مخابراته الموساد"[70]، وەک ئەوەی، کە بۆ خۆیان نە بایان دیبێت و نە باران و داهێنانیان کردبێت و دۆزینەوەیەکی یەکجار گرنگیان ئەنجام دابێت، پڕ بە زار هاوار دەکەن و باس لە چەند دۆکیۆمێنتێک دەکەن، لەمەڕ پێوەندی سەرکردەیەتیی بارزانی بە ئیسرائیلەوە، کە دەستیان کەوتووە و لە دووتوێی ئەو کتێبچەیەدا بڵاویان کردووەتەوە. ئەم کتێبچەیە بریتییە لە 82 رووپەل. تا رووپەلی 37، یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان خۆی نووسیویەتی. رووپەلی 42 تا کۆتاییش، بریتییە لە چەند گوتارێک، کە چەند ئیسرائیلییەک لە ڕۆژنامەکانی وڵاتی خۆیاندا بڵاویان کردووەتەوە. یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، ئەو بەڵگەنامانەیان-بە قسەی خۆیان- بە وەرگێڕدراوی لە "دەسگای توێژینەوە فلستینییەکان- موسسة الدراسات الفلسطينية" لە بەیرووت، وەرگرتووە. سەیر لەوەدایە، فلستینییەکان کە بۆ خۆیان خاوەنی مەسەلەی فلستینن و پێوەندی خەڵکانی دیکە بە ئیسرائیلەوە، بە لای ئەوانەوە دەبوو گرنگ بووایە، کەچی ئەوان ئەوەیان پشتگوێ خستووە و ئەو گوتارانەی نووسەرانی جوولەکەیان بڵاو نەکردووەتەوە، بەڵام ئەمانەی یەکیەتیی بۆ ئەوەی هەرچی تاوانە بیخەنە ئەستۆی خەڵکی دیکە و خۆیان لەبەردەم گەلی کورد و فلستینییەکاندا، وا پێشان بدەن، کە بە غوسڵ و دەستنوێژەوەن، ئەو کارەیان ئەنجامداوە. لەوێدا نێوی بارزانی و هەردوو کوڕانی: ئیدریس و مەسعوود، وەک خیانەتکار و جاسووس و نۆکەری ئیسرائیل و زایۆنیزم و ئەو شتگەلە نێو دەبەن. یەکیەتیی بەو باسەیان گەرەکیانە بە خەڵک بڵێن، ئەوان و سەرانی کۆن و نوێی ئەوان، گەلێک خاوێن و شەریف بوونە و هەن و هیچ کات پێوەندی نۆکەریەتیی و پاشکۆیەتییان

---

[69] محمود، محمد حاجی، ڕۆژژمێری پێشمەرگەیەک، بەرگی یەکەم 1976-1981، چاپخانە و ئۆفسێتی بێساراني، 1999سلێمانی، لە سوێد لە چاپ دراوەتەوە،ل173-174.

[70] الإتحادالوطني الكردستاني، ارتباط القيادة البارزانية باسرائيل وجهاز مخابراته الموساد، مطبعة الشهيد جعفر عبدالواحد، تشرين الثاني1981.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

به هیچ کەس و لایەنێکەوە نەبووە و نییە، لێ مێژوو وا نالێت و پەرێزی ئەوان هێندە خاوێن نییە وەک خۆیان دەیانەوێت پێشانی بدەن، بەڵکە هەردەم تەواوی ڕەوتار و بیروڕا و هەڵسوکەوت و پێوەند و بۆچوونەکانیان، نەخاسمە هی سەرانیان، جێی گومان و سەرنجی خەڵکی کورد بوونە. ئەوان و لەپێش هەمووانیشدا ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی بۆ خۆیان- لە کاتێکدا کە نە بارزانی ئاگای لێبووە و نە ئیدریس و مەسعوودیش، لەو ئاستەدا بوونە، کە وەها کارێکیان لە دەست بێت- لە پێوەندکردن بە ئیسرائیلەوە پێشەنگ بوون. لە سەردەمێکدا کە بزاڤی چەپ و سۆسیالیستیی، تەواوی جیهانی دەهەژاند و، شۆڕشگێڕانی جیهان بە ئومێدەوە چاویان بڕیبووە شۆڕشی چین، کووبا، ئەلجەزائیر و فلستین، ماو، کاسترۆ، گیڤارا و بینبیللایان، بە نیشانەی شۆڕشگێڕی و نموونەی ڕێبەر و تێکۆشەر دەزانی و خواروی ئەفریقا و ئیسرائیل و...بە دزێو و خراپ دادەنا، دەستەی ئیبراهیم ئەحمەد-بە پێچەوانەی هەموو بانگاشەیەکی خۆیانەوە- ڕێک لەو کاتەدا، پێوەند بە ئیسرائیلەوە دەبەستن و دۆستایەتی لەگەڵدا ساز دەکەن. بێگومان ئێستاکە لەسەر پێوەندکردن بە ئیسرائیلەوە پێشبڕکێ دەکرێت و "ئازا و هاوچەرخ و نوێخواز و پێشکەوتوو!"ش ئەوەیە بڕوای بە پەیامی ئیسرائیل و پشتیوانانی هەبێت و زووتر خۆیان پێ بگەیەنێت، لێ ئەو دەمە بە شەرم و خیانەت و کۆنەپەرستی، دادەنرا. ساڵی 1961، کاتێک کە هەوڵ دەدرێت بۆ ڕێکخستنی سەفەری ئەندازیار سەعدی ڕەواندزی، ئەندامی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا، بۆ ئیسرائیل "ئیبراهیم ئەحمەدی سکرتێری گشتیی پارتیی دیموکراتی ناوەندی{مەبەستی کوردستانە-شاکەلی} یەکێک لە پشتیوانانی وی دەبێت. ئیبراهیم ئەحمەد خۆیشی دەستی کردبوو بە سازکردنی پێوەند لەگەڵ ئیسرائیلدا"[71]. لە 1963دا کە هێشتا پێوەندی ڕاستەوخۆ لە نێوان ئیسرائیل و بارزانیدا دروست نەبووبوو "ئیسرائیل نامەیەک بۆ بارزانی دەنێرێت و تێیدا داوای دامەزراندنی پێوەندی ڕاستەوخۆ دەکات، ئیبراهیم ئەحمەد لیستەیەکی بەرینی داخوازیی یاخیبووەکان بەم شێوەیە ئامادە دەکات: دەهەزار تفەنگ، تۆپ، بازۆکا، مین، دەسگای بێتەل، وێستگەیەکی بەهێزی ڕادیۆ، پارە و مەشقپێکردنی پسپۆر و شارەزایانی تەقینەوە و کارزانانی ڕادیۆ"[72]. لە مانگی تەممووزی 1963دا"لەسەر داخوازیی ئیبراهیم ئەحمەد و (ر) مەشق بە یەکەم کوردێک وەک کارزانی ڕادیۆ کرا و نێوی ئەندازیاری لێ نرا"[73]. ئیبراهیم ئەحمەد، پێوەندیشی بە وەرگرتن و ناردنی چەکی ئیسرائیلییەوە بۆ کوردستان هەبوو و دەستەی یەکەمی هەناردەی چەکەکان، پێکهاتبوو لە دە(10)بازۆکا بە فیشەکەکانیانەوە، کە لە 18 تەممووزی 1963دا گەیشتنە جێی مەبەست[74]. هەم ئیبراهیم ئەحمەد و هەم جەلال تاڵەبانی، خۆش خۆش سەردانی ئەوروپایان دەکرد، بۆ پێوەندکردنی پێویست بە ئەوروپاییەکانەوە و بۆ چاوپێکەوتنیش لەگەڵ دەسگای ڕاگەیاندندا لەوێ و"جارێکیان یەکێک لەو چاوپێکەوتنانە لەگەڵ پەیامنێری ڕۆژنامەی حیروت، ئەهارون بن ئەفیجدور، لە پاریس لە 23ی حوزەیرانی 1963دا، ئەنجام درا، تاڵەبانی لەوێدا بانگەوازێکی کاریگەری بڵاو کردەوە و داوای کرد، کە چەک و بەتایبەت چەکی قورس بە جەنگگێڕانی کورد بدرێت"[75]. ئەو بانگەواز و هاوارەی تاڵەبانی "زۆر چەپ و شۆڕشگێڕ"،

---

[71] نکديمون، شلومو، الموساد في العراق ودول الجوار، انهيار الامال الاسرائيليةالكردية، ترجمة بدر عقيلي، دار الجليل للنشر، عمان1997، ص68.

[72] سەرچاوەی پێشوو، ل96.

[73] سەرچاوەی پێشوو، ل101.

[74] سەرچاوەی پێشوو.

[75] سەرچاوەی پێشوو، ل102-103.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بۆ ئیسرائیلییەکان بووە، نەک بۆ خەڵکی دی. ساڵی 1963، شاندێکی پارتیی دیموکراتی کوردستان، بە سەرۆکایەتیی ئیبراهیم ئەحمەدی سکرتێر، گەشتێکی ئێران، سۆڤیێت و ئەوروپا دەکات و، لەو گەشتەدا چاوی بە نوێنەرانی ئیسرائیل دەکەوێت و قسەیان لەگەڵدا دەکات[76]. بێگومان سەرانی سۆڤیێت، کە ئەودەم پشتیوانییان لە مەسەلەی کورد دەکرد، ئامۆژگاری ئیبراهیم ئەحمەد دەکەن، کە لەگەڵ ئیسرائیلدا پێوەند ساز نەکات، وەلێ ئەم گوێ بەو ئامۆژگارییە نادات. لە مانگی تەشرینی دووەمی 1963دا"ئیبراهیم و تاڵەبانی بەبێ ئاگادارکردنەوەی پێشوەخت گەیشتنە باڵیۆزخانەی ئیسرائیل لە پاریس و خۆیان ناساند و داوایان کرد، کە لەگەڵ نوێنەری مۆساددا کۆ ببنەوە. نوێنەری ئەو کاتەی مۆساد، مەناحیم نقوت، ناتوانێت نێوەرۆکی ئەو دیدارەی لە بیر بچێتەوە و دەڵێ: ئیبراهیم ئەحمەد لە یەکێک لە هوتێلەکان لە بەردەممدا دانیشت و وشەکانی هێشتا لەبەر چاومن و لە گوێمدا دەزرنگێنەوە کاتێک دەیگوت((نە نانمان هەیە و نە شەکەر و نە چای)) و منیش لە دڵی خۆمدا گوتم تەماشاکەن بە کوێ گەیشتووین، ئێمەی جوولەکە، کە لە پێناوی بوونی خۆماندا دەجەنگین، ئەوەتا یەک گەلی تەواو لەبەردەمماندا ڕادەوەستێ و داوای کۆمەکمان لێ دەکات. ئیبراهیم ئەحمەد لەگەڵ سەرۆکی مۆسادیشدا، مائیر عمیت، کۆوە بوو و داوای تەقەمەنی بۆ بازۆکا و تفەنگ و پارە و کۆمەکی دیکەی کرد. عمیتیش بەم شێوەیە وەرامی دایەوە: پارەمان نییە بتاندەینێ، چونکە ئیسرائیل دەوڵەتێکی هەژارە. بەڵام بەڵێنی پێ  دا، کە بە شێوەی چەک و کەرەسە قەبارەی یارمەتییەکان زیاد بکات و بە کردەوەش برێک کەرەسەی بە شێوەیەکی ڕەمزیی ئامادە کرد"[77]. پاشخانی ئەو گەشتەی ئیبراهیم ئەحمەد و دیتنی نوێنەرانی ئیسرائیل، دەگەڕێتەوە بۆ بەهاری 1963 کاتێک، کە مۆساد ڕۆژنامەڤانێکی بیانیی نیشتەجێی پاریس، دەنێرێتە کوردستانی عیراق. ڕۆژنامەڤانەکە چاوپێکەوتن هەم لەگەڵ بارزانی و هەم لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەددا دەکات، کە پێکگەیشتنەکە لە هوتێلێکی کەنار ڕووباری سین، لە پاریس، ئەنجام بدرێت، لە نێزیک سەفارەتی ئیسرائیل، لە بینا کۆنەکەی، کە موڵکی بنەماڵەی ڕۆشیڵد بوو، لە شەقامی واگرام[78]. جۆناتان ڕاندەل دەڵێت:"پاییزی ساڵی 1963، ئیبراهیم ئەحمەد، سەفەری پاریسی کرد و لە هوتێلێک، کە پێکهاتبوون لە سەری، دابەزی و پێوەندی بە ڕۆژنامەڤانەکەوە کرد و ئەویش خێرا هەواڵی دا بە ئیسرائیلییە واقوڕماو و لەهەمان کاتیشدا دڵخۆشەکان، چونکە ئیسرائیلییەکان لەوە دڵنیا نەبوون، کە بارزانی پێشنیازەکە جێبەجێ دەکات، یا کەسێک بە گرنگیی ئەحمەد دەنێرێت. نوێنەری ئەودەمی مۆساد لە پاریس، مەناحیم ناڤوت، کە بە ((ناهیک)) دەناسرا و دواتر بوو بە جێگری بەڕێوەبەری دەسگاکە، جەخت لەسەر ئەوە دەکات، کە ئەو یەکەم کەسێکە، لەگەڵ ئەحمەددا –کە تەمەنی چلونۆ ساڵ بوو و وەک هەموو ئەو کەسانەی، کە دەردەسەری و لێقەومانیان لە ژیانیاندا دیتووە، لە تەمەنی خۆی مەزنتر دەردەکەوت- کۆ دەبێتەوە. ئەحمەد دواتر بە درێژا چاوی بە سەفیری ئیسرائیلی((والتەر ئیتان)) کەوت و نەگبەتی گەلەکەی بۆ باس کرد و دەشیزانی چۆن لە ژێیە هەستەوەرەکان دەدات. ئەحمەد بەراوردی لە نێوان کورد و جوولەکەدا کرد و گوتی، جەنگگێڕانی کورد پارەی چای و شەکریان نییە و هەستی دایکایەتی لە کن گۆڵدامائیری وەزیری دەرەوەی ختووکە دا. هەرچەندە بەرپرسانی ئیسرائیلی وەک خەڵکانێکی بە بەزەیی نەناسراون، بەڵام ((ناڤوت))، دوای تێپەڕبوونی چەند ساڵێک بەسەر ئەو ژوانەدا، جەخت لە سەر ئەوە دەکات، کە ئەو و ئیتان بەوەی، کە لە ئەحمەدیان بیست، گەلێک دڵتەنگ بوون، مائیر

---

[76] ئەمین..، پەنجەکان..، ل72 و 89.

[77] نکدیمون..،الموساد..،ص103.

[78] راندل، جوناتان، امة في شقاق، ترجمة فادي حمود، دار النهار للنشر، بيروت 1997، ص251.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەر کە لە ناوەڕۆکی پێکگەیشتنەکە ئاگادار کرایەوە، فەرمانی دامەزراندنی ئەو پێوەندە بەدفەڕەی لەگەڵ کورددا دا. ئەوەی کە ڕوویدا بۆ ئەحمەد چاوەڕواننەکراو نەبوو. ئەو بەگوێرەی ئەو گوتە بەناوبانگ و باوەی خۆرهەڵاتی ناڤین:"دوژمنی دوژمنم دۆستمە"، کاری کرد. ئەحمەد ئەوەشی لا سەیر نەبوو، کاتێک کە بەدرخان، لەمەڕ پێکگەیشتن لەگەڵ ئیسرائیلییەکاندا ئاگادری هیچ نەبوو، لەگەڵ خۆیدا بردی بۆ یانەی شەوانە(کاباریّ، مەلها)ی ((لیدۆ)) لە شەقامی شانزیلیزێ و لەوێ وای پێشان دا، کە هەروا و لەخۆڕا لەگەڵ یەکێک، کە لەسەر مێزەکەی تەنیشت دانیشتووە، دەکەوێتە قسان. دواتر دەرکەوت، کە ئەو کەسە کۆمۆنیستێکی ئەندامی پەرلەمانی ئیسرائیلە. لە دوایشدا ئەحمەد گەڕایەوە کوردستان و لەگەڵ خۆیشیدا بیستهەزار دۆلاری، کە لە ئیسرائیلییەکانی وەرگرتبوو، بردەوە و بەڵێنی هەندەک کۆمەکی دیکەشی پێ درا و دوای یەک مانگیش لە گەڕانەوەی، بەشی یەکەمی چەکە ئیسرائیلییەکان گەیشتن"[79]. ڕەنگە بگوترێ، کە بارزانی، ئیبراهیم ئەحمەدی ناردووە و تووشی ئەو دیدارانەی کردووە. من لەو بڕوایەدام ئەگەر ئیبراهیم ئەحمەد بۆ خۆی نەیویستبا، دەیتوانی نەڕوات و ئەو دیدارانە نەکات. لە نامەیەکیدا بۆ نووسەری جوو شلومو نکدیمون، جەلال تاڵەبانی پاکانە بۆ خۆی دەکات، کە بەشداری ئەو وەفدە نەبووە، کە ساڵی 1963 لە پاریس سەردانی سەفارەتی ئیسرائیلی کردووە. تاڵەبانی دەڵێت:"تێکەڵ کردنی ناوی من بەوەی کە لە مانگی تشرینی ساڵی 1963دا سەردانی سەفارەتی ئیسرائیلم کردبێ لە پاریس کارێکی ناڕاست و نابەجێیە...لە تشرینی 1963 لە دەرەوە نەبووم، بەڵکو لە کوردستان بووم و...هەروەها لەو وەفدەش نەبووم کە ساڵی 1963 بە سەرۆکایەتی مامۆستا برایم ئەحمەد چووە سۆڤیەت و چیکۆسلۆڤاکیا و ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات و فەرەنسا. بۆیە ڕاست نیە بگوترێ کە من لە ناو ئەو وەفدەی پارتی بووم سەردانی سەفارەتی ئیسرائیلی کرد لە پاریس"[80]. ئەو نامەیەی تاڵەبانی هەرچەندە پاکانەیە و بۆ پەڕاندنەوە و دەربازکردنی خۆی نووسیویەتی، وەلێ لە هەمان کاتدا سازکردنی پێوەند بە ئیسرائیل و سەردانی سەفارەتی ئیسرائیل لە پاریس لە لایەن ئیبراهیم ئەحمەدەوە دەسەلمێنێت. لەو سەردەمەشدا، کە ئیبراهیم ئەحمەد و تاقمەکەی لە ئێران بوون، هێشتا هەوڵ دەدرا، کە پێوەندی ئەوان بە ئیسرائیلەوە هەر بپارێزرێ. عیسمەت شەریف ڤانلی، کە لەو ماوەیەدا سەردانی ئیسرائیل دەکات، باسی ئەوە دەکات، کە"شەوی پێش سەفەرەکەی، لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەددا کۆبووەتەوە و ئیبراهیم ئەحمەد، ڕەزامەندیی خۆی لە سەر ئەو سەفەرە پێشان داوە و ڤانلی لەو بڕوایەدا بوو، کە ئیسرائیل دەبێ پێوەندی خۆی لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەددا درێژە پێ بدا و مۆسادیش گەیشتبووە ئەو ئەنجامەی، کە پاراستنی نێوانێکی باش لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەددا، پێویستە"[81].

## پێوەندی ئیبراهیم ئەحمەد و هاوبیرانی بە بەعسەوە

---

[79] سەرچاوەی پێشوو، ل251-252. یەکێک لەو کوردانەی کە زۆر لەمێژ بوو، پێوەندی بە ئیسرائیلەوە هەبوو و لەگەڵ مۆساددا نێوانی خۆش بوو، میر کامران بەدرخان بوو.

[80] کوردستانی نوێ، نیومانگییەکە یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان –بیرۆی دەرەوە- دەری دەکات، ژمارە1237، سێپتەمبەر1997،ل2.

[81] نکدیمون..، الموساد..،ص113.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەر لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسمەوە، ئیبراهیم ئەحمەد و هاوبیرانی، بەپێی بیروباوەڕ و تێڕوانین و هەڵوێستێک، کە هەیانبوو و بەرانبەر هێزە نیشتمانی و چەپەکان و قاسم دەیاننواند، پتر مەیلیان بە لای هێزە دژەچەپ و نەتەوەییەکانی، دژ بە ڕێژیمدا هەبوو و لەوانەوە نێزیکتر بوون. ئیبراهیم ئەحمەد لە سەردەمی قاسمدا-هەرچەندە قاسمیش پێی ناخۆش بوو-بەردەوام چاوی بە سەرانی حیزبی بەعس دەکەوت و لە بارەگای ڕۆژنامەی ئەلجەمهوورییە (الجمهورية) لەگەڵیاندا کۆدەبووەوە. ئەو ڕۆژنامەیەش، دەنگ و دەربڕی بیروباوەڕی حیزبی بەعس و نەتەوەییەعەرەبەکان بوو و ئەوانەشی، کە بەرپرسی دەرکردن و نووسینی بوون، هەموویان ئەندامی بەعس بوون، هەربۆیەش هەر لە یەکەم ڕۆژی دەرچوونییەوە، ئەو ڕۆژنامەیە هەوڵی بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی بەعسی دەدا. تالیب شەبیب(طالب شبيب)، کە یەکێک بوو لە سەرانی حیزبی بەعس و وەزیری دەرەوەی بەعس بوو لە ساڵی 1963دا، دەڵێت:"گەلەک دیدار و پێکگەیشتنی ناڕەسمیی لە نێوان بەعسییەکان و کوردەکاندا کرا، وەک ئەوەی کە یەکسەر دوای سەرکەوتنی شۆڕشی 14ی تەمموزی 1958، لە بارەگای ڕۆژنامەی ئەلجەمهوورییە(الجمهورية)ی بەغدایی، میشێل عەفلەق و ئیبراهیم ئەحمەدی سکرتێری پارتیی کۆکردەوە، ڕەنگە عەفلەق لەوێ چاویشی بە جەلال تاڵەبانی، کە لە دەستەی نووسینی ئەو ڕۆژنامەیەدا کاری دەکرد، کەوتبێت"[82]. لە ساڵی1962یشدا، لە نێوان ئیبراهیم ئەحمەد و تاهیر یەحیادا، کە ئەودەمی بەڕێوەبەری گشتیی پۆلیس بوو، نامەگۆڕینەوە هەبووە. ماوەیەک لەوەوپێش، کەریم قەرەنی موتەسەڕیف(متصرف)ی سلێمانی، تاهیر یەحیا، بە ئیبراهیم ئەحمەد دەناسێنێت. ئیبراهیم ئەحمەد بەناوی پارتیی دیموکراتیی کوردستانەوە، بەڵێنی هاوکاریی بۆ ڕووخاندنی قاسم، بە یەحیا و بەعس دەدات. دوکتۆر مەحموود عوسمان، پێیوایە، گرنگترین پێوەندێک لە نێوان بەعس و مەکتەبی سیاسیی پارتیی دیموکراتیی کوردستان و سکرتێرەکەیدا، ئیبراهیم ئەحمەد، لە ڕێگەی تاهیر یەحیاوە بووە، بە نامەیەک، موقەددەم کەریم قەرەنی، کە کورد بوو، گواستوویەتییەوە[83]. نووسەری جوولەکە شلومو نکدیمون، لەمەڕ پێوەندی ئیبراهیم ئەحمەد بە تاهیر یەحیا و بەعسەوە دەڵێت:" لە هەشتی شوباتی 1962دا، واتە ساڵێک پێش کوودێتاکە، تاهیر یەحیا، کە لە سەرکردەیەتیی پۆلیسی عیراق دەرکرابوو و چووبووە ڕیزی نەیارانی قاسمەوە، دەستپێشخەریی کرد لە پێوەندکردن بە ئیبراهیم ئەحمەدی سکرتێری گشتیی پارتیی دیموکراتیی کورد و پیاوی دووەم لە سەرکردەیەتیی یاخیبوونی کورددا و داوای هاریکاریی لێ کردن دژ بە دەسەڵات{واتە: دژ بە ڕێژیمی قاسم-شاکەلی}"[84]. تاهیر یەحیا، لە بەرسڤی نامەیەکی ئیبراهیم ئەحمەددا، کە نیسانی 1962 بۆی شاندووە، لە مانگی ئابی 1962دا، وەرامی ئیبراهیم ئەحمەد دەداتەوە و تێبینییەکیشی لەگەڵدا دەنووسێت، کە کاتی بەرپاکردنی کوودێتاکە دیاری دەکات و بە کوردانیش{مەبەست ئیبراهیم ئەحمەدە، چونکە پێوەند و نامەگۆڕینەوە لەگەڵ ئەودا بووە-شاکەلی} ڕادەگەیەنێت، کە کوودێتاکە دەکەوێتە نێوان کۆتایی شوبات و نیوەی مارسی 1962وە، و یەحیا داوا دەکات و ناوی شەش کەسان لە کوردان وەردەگرێت بۆ ئەوەی بخرێنە نێو حوکوومەتی کوودێتاکەوە"[85]. ئەو شەش ناوەی، کە ئیبراهیم ئەحمەد بە نێوی کوردانەوە، پێشنیازیان دەکات، بۆ بەشداربوون

---

[82] سعيد، علي كريم، عراق 8 شباط، من حوار المفاهيم الى حوار الدم، مراجعات في ذاكرة طالب شبيب، الطبعةالاولى1999، دارالكنوز الادبية، بيروت، لبنان،ص254.

[83] سەرچاوەی پێشوو.

[84] سەرچاوەی پێشوو، ل79.

[85] سەرچاوەی پێشوو، ل79-80.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لە حوکوومەتی کوودێتای بەعسدا، دژ بە قاسم، و بۆ تاهیر یەحیایان دەنێرێت، ئەم کەسانە دەبن: باباعەلی شێخ مەحموود، فوئاد عارف، بەکر کەریم، عومەر مستەفا(دەبابە)، جەلال تاڵەبانی و عەلی عەسکەری. ئەڵبەت هەر پێوەندکردن بەو ئەفسەرانەوە، واتە بەعسییەکان، کە لە دواییدا فەرمانڕەوایی قاسمیان ڕووخاند، ئیبراهیم ئەحمەد بۆ خۆی سازی کردبوو[86]. ئەم پێکهاتن و دۆستایەتییە، گەلێک پێش کوودێتای 1963ی بەعس دەبێت و ئیبراهیم ئەحمەد لە هەموو کەینوبەینێکی ئەو کوودێتایە، ئاگادار دەبێت. هەر پێش ڕوودانی کوودێتای 1963ی بەعس، خوێندکارانی بەعس و نەتەوەییە عەرەبەکان، دەستیان بە خۆپێشاندان کرد دژی ڕێژیمی قاسم و کوردەکان، دیارە ئەوانەی سەر بە پارتیی، پشتیوانیی ئەو خۆپێشاندانەیان کرد و بەشدارییشیان تێدا کرد، لێ کۆمۆنیستەکان بەشدارییان تێدا نەکرد[87]. زەکی خەیری، کە بۆ خۆی یەکێکە لە کەونەکۆمۆنیستەکانی عیراق، بڕوای وایە، کە خەڵکانێکی سەر بە پارتیی دیموکراتی کوردستان، لە کوودێتای 8ی شوباتی بەعسدا دژ بە قاسم، بەشدارییان کردووە، بە تایبەت لە هێزی هەواییدا، ئەویش بە لەکارخستنی فڕۆکەکان لە سەربازگەی ئەڕڕەشید(الرشید)[88]. کە کوودێتای بەعس لە ساڵی 1963دا، کرا، خەڵکی کوردی دژی بەعس و لایەنگری حوکوومەتی نیشتمانپەروەری قاسم، لە هەندێک گەڕەکی کەرکووک، پەلاماری هەندێک پۆلیسخانەیان دا، بۆ ئەوەی چەکەکانیان ببەن و دژی بەعسییەکان، ڕاوەستن و بجەنگن، لێ سەران و پەرپرسانی پارتیی دیموکراتی کوردستان، لە کەرکووک، کە تا ڕادەیەک هەموویان سەر بە دەستەی ئیبراهیم ئەحمەد –جەلال تاڵەبانی بوون، ڕێگەیان بە خەڵکە ڕاپەڕیوەکە نەدا، بە بیانووی ئەوەی، کە ئەوانەی دێنە سەر تەخت و دەبنە فەرمانڕەوا، هی خۆیانە و ئەو حوکوومەتەی، کە دەسەڵات دەگرێتە دەست، واتە: حوکوومەتی بەعس، حوکوومەتی خۆیانە. نێزیکایەتی و دۆستایەتیی باسکی ئیبراهیم ئەحمەد و بەعس و کۆنیی ناسیاوییان، مەسەلەیەک نییە، کە جێی گومان بێت. نەوشیروان مستەفا دەڵێت:"ڕەنگە یەکی لەو لایەنانەی بەعس، وەکو بیروباوەر و حیزب و وەکو سەرکردە و زەلام لە هەمو لایەن و کەسێکی تر باشتر بناسی یەکیتی و سەرکردەکانی بی. ئاشنای لەگەڵ بیروباوەری بەعس و، ناسیاوی لەگەل هەندی لەسەرکردەکانی ئەگەرایەوە بۆ ماوەیەکی درێژ پێش ئەوەی حوکمی عیراق بگرنە دەس"[89]. ئیبراهیم ئەحمەد و هاوڕێ و پێڕەوانی، بەو کوودێتایەی 1963ی بەعسە، کە دەسەڵاتی نیشتمانپەروەری قاسمی ڕووخاند، گەلێک دڵخۆش و بەهیوا دەبن، بێگومان بەشێکی زۆری خۆشحاڵیشیان، لە قڕانیی کۆمۆنیستەکانەوە هاتبوو، کە بەعس دەستی پێ کردبوو. هەژاری موکریانی دەڵێ:"ئەوەی بەعس دەگەڵ شیوعی و لاگیرانی شیوعیانیان دەکرد، ڕەنگە تەیمورلەنگ و هۆلاکۆش لە دەستیان نەهاتبێ. قاسم و چەند کەسێک لە وەزیرەکانی لە مەرکەزی رادیۆ بەر گولله دران. لەو جەهەننەمەدا توشی نوری ئەحمەد تەها بوم، گوتی<خەم مەخۆ، بەعسیە زەلامەکان کە دەگەڵ مامۆستایانی ئێمە لە حەپس دا بوون، قەولیان پێ داوین کە ئیستیقلالمان بدەنێ و لە عیراقمان جوێ کەنەوە>"[90]. وەک بەڵگەیەک بۆ ڕێککەوتن و پێکهاتن و نێزیکایەتیی پێشوەختی دەستەی ئیبراهیم ئەحمەد-جەلال تاڵەبانی لەگەڵ بەعسدا و متمانەبەیەکبوونیان دەکرێ چەند نموونەیەک بخەینە بەرچاو: دوای کوودێتای 1963، شاندێکی کورد بۆ گفتوگۆ لەگەڵ حوکوومەتی

---

[86] شمیت، دانا ادمز، رحلة الى رجال شجعان في کردستان، عربه وعلق علیه جرجیس فتح الله المحامي، منشورات دارمکتبةالحیاة، بیروت، لبنان،ص 195، 356-357.

[87] سەرچاوەی پێشوو، ل357.

[88] خیري..، صدی..،ص247.

[89] ئەمین..، پەنجەکان..، ل259.

[90] هەژار..، چێشتی..، ل361.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەعس —لەسەر داوای حوکوومەت- بە سەرۆکایەتیی جەلال تاڵەبانی و ئەندامیەتیی سالّح یووسفی، شاخەوان نامیق، یەدوڵڵا عەبدولکەریم و عەبدولحوسەین فەیلی، دەچێتە بەغدا و پاش ماوەیەک مانەوە لەوێ و نەگەیشتنە هیچ ئەنجامێک، زۆری پێ ناچێت جەلال تاڵەبانی"بەئیشارەتێک لە بەعسییەکان و دیارە تەرتیباتی چوونە قاهیرەیش هەر ئەوان بۆیان کرد، خۆی رزگار کرد و بە ناوی سەردانی جەمال عەبدولناسر خۆی گەیاندە قاهیرە. ئەندامانی وەفدەکەش لە بەغدا مانەوە و لە لایەن بەعسییەکان گیران و زۆریش ئازاردران. واتە تەنیاکەس لە وەفدەکە کە نەگیرا جەلال تاڵەبانی بوو. لە دوواییدا تاڵەبانی لە قاهیرە چووە پاریس ئینجا تاران و پاشان گەڕایەوە کوردستان"[91]. تالیب شەبیب، کە باس لە گفتوگۆی حوکوومەتی بەعسی ساڵی 1963 و بزاڤی چەکداری کوردەوە دەکات و بەراورد لە نێوان هەڵوێستی بارزانی و ئیبراهیم ئەحمەد-جەلال تاڵەبانیدا دەکات دەڵێت:"هەستمان دەکرد{واتە: حیزبی بەعس-شاکەلی} کە زمانی تاڵەبانی و ئیبراهیم ئەحمەد لە زمانی ئێمەوە، نێزیکترە"[92]. تالیب شەبیب، جەخت لە سەر ئەوەش دەکاتەوە، کە ئەوان رێز و نرخاندنێکی تایبەتیان بۆ ئیبراهیم ئەحمەد هەیە و کە ئەو بۆ خۆی تاڵەبانی خۆشگەرەکە و داوای تەمەندرێژی و بیرتیژی و کەمکردنەوەی زۆربزێوی بۆ دەکات[93]. ساڵی 1963 بەعس شەڕێکی زۆر سەخت و توندی لە ناوچەی بارزاندا ساز کرد و ئەودەمیش بارزانی لەوێ بوو، هەرچی ناوچەی سۆرانە، کە"برایم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی سەرپەرستییان دەکرد و لێپرسراوی پلە یەک بوون لەوێدا، ئەو ناوچەیە ئارام بوو چونکە برایم ئەحمەد و تاڵەبانی رێگەیان نەدەدا بەرەیەکی شەڕ لەم ناوچەیەدا بکرێتەوە، تا هێزەکانی عیراق هەموو بچنە بارزان. بە واتایەکی دیکە برایم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی لەگەڵ حزبی بەعس رێک کەوتبوون، کە لە ناوچەی سۆران هیچ نەکەن، بۆ ئەوەی سوپای عێراق ئازاد بێت، بۆ هێرش کردنە سەر بارزان و لەناوبردنی بارزانی. لەبەر ئەوەی بەعسییەکان تەڕ و وشکیان بەیەکەوە دەسووتاند، زۆر کەسیان بەناوی شیووعی و بە ناوی دیموکراتییەوە دەگرت، بۆیە ئەفسەر و سەربازێکی یەکجار زۆری کورد پێوەندییان بە شۆڕشی کوردستانەوە کرد و زۆربەشیان لە ناوچەی سۆران بوون و چەکێکی باشیشیان لەگەڵ خۆیاندا هێنابوو. هێزێکی باشیان هەبوو بەڵام وەکو پێشتر باسمان کرد نیوچە رێککەوتنێک لە نێوانی بەعس و برایم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانیدا هەبوو بارزانییان بە((سەری مار)) ناو دەبرد، واتە هەر وەختێک سەری مارەکە پان کرایەوە، ئەو وەختە شۆڕش تێک دەچێ و نامێنێ. ئیتر خۆیان بە ئارەزووی خۆیان رەفتار دەکەن، بۆیە بەعسییەکان بە هەموو توانای خۆیان، هێرشیان هێنایە سەر بارزان"[94]. هەر لە بارەی هەمان مەبەستەوە واتە: نێزیکایەتی و نێوانخۆشیی بەعس و سەرانی پارتیی(ئیبراهیم ئەحمەد و تاڵەبانی)، هەژاری موکریانی، کە بۆ خۆی لە ناوچەی بارزان و لەگەڵ بارزانیدا بوو، باس لە جەنگی ساڵی 1963ی دژ بە کورد دەکات و دەڵێت:"لەشکرێ پێشمەرگە لە ئەستانی سولەیمانی و کەرکووک و هەولێر بونە چەند قات. لە موحاسەرەی بارزاندا کە دژواری شەڕمان لەسەر بو، چەکداری پێشمەرگەی پارتی دەهاتامان نەهاتن. دەوڵەتیش کەمتر خۆی دەوان دەگەیاند و دەیەویست بارزان بنبڕ بکات"[95]. بێگومان دەستەی ئیبراهیم ئەحمەد-تاڵەبانی هەر بە ویست و بە پێکهاتن لەگەڵ بەعسدا، کارەکەیان بەرەو ئەو ئەنجامە بردووە، واتە: رزگاربوون لە مەلا

---

[91] هەریری..، بۆ ئەوەی..، ل10.

[92] سعید..، عراق..، ص262.

[93] سەرچاوەی پێشوو.

[94] هەریری..، بۆ ئەوەی..، ل10.

[95] هەژار..، چێشتی..،ل403.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

مستەفا و هیچی دی. هەژاری موکریانی دەگێڕێتەوە و دەڵێ:"جارێک بۆ مەلا مستەفایان گێڕایەوە کە پێشمەرگەی لای هەولێر کە دیتویانە ئەو هەزاران کامیۆنە لەشکرە و ئەو هەمو تۆپ و تۆپخانەیان دیوە کە بەرەو بارزان دەچن، گریاون، هاواریان بۆ برایم ئەحمەد کردوە<کەی ئەوە شەڕەفە برایانی ئێمە بکوژن و ئێمە دەست لەسەر دەست تماشا بکەین؟>برایم گوتویە<ئێوە نازانن، ئەگەر بارزانی نەمێنێ فەرماندەیی دەبێتە یەک، ئەمجار عەکسی بارزانی وەک شەهید دەفرۆشین، پارەی زۆر دەکا!..>"[96]. ئیبراهیم ئەحمەد لەو قسەیەیدا زۆر ڕاستی گوتووە و بە درێژایی ژیانیشی ئاواتی ئەوەی خواستووە، کە بارزانی و ناوی بارزانی نەمێنێت، ئیدی بە چ شێوەیەک دەبێت، بە لای ئەو و پێڕەوانییەوە گرنگ نەبووە و نییە. ئەوان ئەو دەمە و ئێستاش زیادکردنی ناوی شەهیدان و پارەپەیداکردن بە ناوی ئەوانەوە، مەزنترین ئاواتێک بووە، کە هەردەم هەوڵیان بۆ داوە. ئێستاش کە بڵاوکراوەیەکی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان دەخوێنیتەوە و کە باس دێتە سەر شەهید، ڕێک و ڕەوان دەڵێن، ئەوەندە و ئەوەندە شەهیدمان داوە، ڕێک وەک ئەوەی خۆیان ئەو شەهیدانەیان بەخێو و ئامادە کردبێت بۆ ئەوەی بەپێی خۆیان بچنە بەر دەستی دوژمن و ئەوانیش بیانکوژن و ئەمانیش(دواتر شەهیدان) هەموو ئامانجێکی ژیانیان ئەوە بووبێت، کە ببن بە شەهید. واتە: ئەوان خەڵک دروست دەکەن و پێیان دەگەیەنن، بۆ ئەوەی بکرێن بە شەهید و بۆ خۆیشیان(سەرانی ئەو پارتییە) لەپاڵ خوێنی شەهیدەکاندا بە کەماڵی ئیسراحەت لێی پاڵ دەنەوە. ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی تەنێ بۆ دەسەلاتگرتنەدەست و لەنێوبردنی بارزانی، تەنانەت ئەگەر ملشکانی هەموو کوردیشی تێدا بووبێت و بێت، ئامادەی هەموو کارێک بوونە و هەن. هەر لەو کاتەدا، کە لەگەڵ بەعسدا ئەو جۆرە پێکهاتنە لە نێوانیاندا هەبوو، بەهۆی پێوەندێکی کۆنتر، کە لەگەڵ ئێران-ساواک- و دەسگا و کۆمپانییەکانی نەفت و بەرژەوەندەکانی ڕۆژاوادا هەیانبوو، هەموو ئەو لایەنانە تا ڕادەیەک لە سەر کۆمەک بە ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی و لەنێوبردنی بارزانی، ڕێکبوون و "ئەو کاتە تەنسیقیش لە نێوانی ئێران و تورکیا و عێراقدا هەبوو. ئەفسەرێکی تورک لە مووسڵ دادەنیشێت و ئەفسەرەکی ئێرانیش لە کەرکوک بۆ ئەوەی تەنسیقی شەڕ بکەن و فڕۆکە جەنگییەکانی خۆیان ئاراستە بکەن. چونکە فڕۆکەکانی ئێران و تورکیاش بەشداریی شەڕیان دەکرد لە دژی بارزانیدا. هەموو شەڕەکان لە ناوچەی بارزان و بادینان بوو و هیچ شەڕێک لەم دیوی زێ ڕووی نەدا"[97]. پاش کوودێتای 1968 و ئەو گۆڕانانەی بەسەر عیراق و مەسەلەی کورددا هاتن، تاقمی "فرەچەپی" ئیبراهیم ئەحمەد، بەو هێندە پێوەندەی، کە لەگەڵ بەعسدا هەیانبوو، قایل نەبوون، بەڵکە"باسکی م س چارەنووسی خۆی بە بەعسەوە بەست بو، خۆی بە هاوپەیمانی ژیان و مردنی بەعس دائەنا. بەعس لە ململانیی ئەم دو هیزەدا{واتە: ئیبراهیم ئەحمەد و سەرکردەیەتیی بارزانی-شاکەلی}، بە چەک و پارە و هێز، یارمەتی م س ی ئەدا"[98]. پێوەند و هاریکاریی تاقمی ئیبراهیم ئەحمەد-جەلال تاڵەبانی و بەعس، لە ساڵانی 1968-1970، هێندە توند و بەهێز بوو، کە ئیدی ئەو تاقمە بووبوون بە بەشێکی جیانەکراوەی هێزی چەکداری عیراق و-ئەوە هیچ کە لە 1966ەوە و لەگەڵ ڕێژیمی عارف دووەمدا دەستی پێ کردبوو و لەنێو خەڵکدا بە جاش دەدرانە قەڵەم و نازناوی جاشی 66یان وەرگرتبوو- حوکوومەتیش وەک جاش حیسابی بۆ دەکردن. بێگومان ئەوانیش چالاکانە ڕۆڵی خۆیان دەبینی و بە هەموو شێوە و شێوازێک دوژمنایەتیی شۆڕش و خەڵکی کورد و سەرکردەیەتیی بارزانییان دەکرد. مێژووی ئەو سەردەمەش لە هیچ کەس شاراوە نییە و تا

[96] سەرچاوەی پێشوو، ل403-404.

[97] هەریری..، بۆ ئەوەی..، ل10-11.

[98] ئەمین..، پەنجەکان..، ل97.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ڕادەیەک زۆرینەی ڕووداوەکانی تۆمار کراوە، لێ پێموایە پێویستی بە خوێندنەوەیەکی قووڵتر و فراوانتر و شیکردنەوەیەکی نوێتر هەیە. دیارە پێوەند و تێکەڵاوییەکی لە مێژینە و هێندە بەهێزی نێوان دەستەی ئیبراهیم ئەحمەد-جەلال تاڵەبانی و حوکومەتی بەعس، کاریگەریی خۆی کردووە و بەعس و دەسگاجاسووسییەکانی توانیویانە ڕۆچنە نێو ڕێکخستنەکانی ئەو دەستەیەوە و خەڵکیان لێ بکڕن و فریو بدەن. بێگومان ئەو مەسەلەیە شتێکی نوێ نییە، بەڵکە پێوەندی ئەو دەسگایانەی بەعس لەگەڵ یەکیەتیی نیشتمانیی ئێستادا، دەگەڕێتەوە بۆ پێوەندەکانیان کاتێک، کە لە ساڵانی 1966 بە دواوە نێوێکی دیکەیان هەبوو و هەر لەو دەمەشەوە بەعس گەرای خۆی تێدا چاندوون و داناون. پێموایە ئاشکرابوونی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە شارەکاندا و گرتنی ئەندامانی بەو شێوە فرەوانییەوە لە لایەن دەسگا جاسووسییەکانی بەعسەوە و زیندانیکردن و کوشتنیان، هەر وا بە هاسانی و لە خۆڕا نەدەبوو و نەدەکرا، ئەگەر لە نێو ئەو ڕێکخراوانەدا خەڵکانی سەر بە ڕێژیم نەبوونایە و لەوانەوە زانیاری لەمەڕ ئەو ڕێکخراوانە و ئەندامانی دزەی نەکردبا. سابیر کۆکەیی، کە بۆ خۆی ئەندامی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و چەکداری ئەوان بووە، باسی ساڵی 1979 و زیندانی دەسگای تایبەتی(الهیئةالخاصة)ی کەرکوک دەکات، کە زیندانێکی یەکجار بەدناو و خراپ بوو، دەڵێت:"هێندی زیندانیان بە ژووری زیندان دا کرد، یەکێکیان بە ناوی بەرهەم ئەحمەد ساڵح بوو، باڵا بەرزی قژ شامپۆ کراوی درێژ لەسەر شانی، زیندانە سیاسیەکان پێ یان دەگوت ((دیسکۆ))، زۆر لە زیندانەکان دەیانناسی، دەیانگوت ئەمە بەعسیە و خۆتانی لێ بپارێزن. ئەویش لە ڕەش بگیریەکەی سلێمانی گیرابوو، دوای چەند ڕۆژێک بەبێ ئەوەی یەک پەنجەی لێ بدەن بە(موافقەت)ی دەزگای (موخابەرات)ی سلێمانی ئازاد کرا. لە دواییدا ڕژێم ناردی بۆ لەندەن بە ناوی خوێندن و خزمەت کردن بە بەعس. لە لەندەنیش هاتوچۆی ماڵی جەلال تاڵەبانی دەکات خۆی لێ یان نزیک دەکاتەوە. جەلال تاڵەبانیش هێنایە پێشەوە. بۆ ڕازی کردنی ئەندامانی یەکێتیش جەلال تاڵەبانی ووتبوی(بەرهەم کلیلی ئەقڵی منە). بەمجۆرە سەپاندیە سەر ئەندامانی بێ دەسەڵاتی یەکێتی. لەپاشاندا خرایە سەرکردایەتی ی.ن.ک لەو کاتەی بەرهەم بە زەماڵەی ڕژێمی عێراق ناردرا لەندەن بۆ خوێندن هەزاران خوێندکاری کورد لەسەر نەکردنی(ئیمزای بەعس)خوێندنیان لەدەست دەدا، یا لە سێدارە دەدران"[99]. یەکێکی دیکە، کە لە ئەندامە بەرابیەکانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان بووە و لە شام لە دامەزراندنی یەکیەتییەوە لەگەڵیاندا بووە و جەلال تاڵەبانییش باوەڕێکی بەهێزی پێی هەبووە، مونزیر نەقشبەندی بووە، کە بە نهێنی لەگەڵ دەسگای هەواڵگر(مخابرات)ی عیراقدا پێوەندی هەبووە[100]. پێدەچێت پێوەندەکانی دەستەی ئیبراهیم ئەحمەد-جەلال تاڵەبانی(یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان) بە بەعسەوە، تەنێ لەچوارچێوە و ڕێگەی حیزب و شێوەیەکی سیاسییانەوە نەبووبێت، بەڵکە زۆرجاران شێوەیەکی نهێنییانە و ئاساییشیانە و ئیستیخباراتییانە و موخابەراتییانەی وەرگرتبێت. بەڕێوەبەراتیی ئاساییشی گشتیی(مدیریة الامن العامة) لە وەزارەتی ناوخۆی عیراق، لە پەیامێکی یەکجار دووروودرێژ و نهێنی خۆیدا بۆ بەڕێوەبەرایەتیی ئاساییشی ناوچەی ئۆتۆنۆمی (مديرية أمن منطقةالحكم الذاتي)، کە دەکاتە بەشە ئۆتۆنۆمییەکەی ناوچەی کوردستان، کە حوکومەتی بەعس دیاری کردبوو، لە 23-6-1982دا، لە یەکێک لە خاڵەکانیدا دەڵێت:"ئێمە پێمان باش و

---

[99] کۆکەیی..، ناڵەی..،ل52. ئەو "بەرهەم ئەحمەد ساڵح"ە، هەر ئەو "دوکتۆر بەرهەم ئەحمەد ساڵح"ەیە، کە ئێستا سەرۆکی حوکومەتی سلێمانییە و یەکێکە لە سەرانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان.

[100] ئەمین..، لە کەناری..، ل75.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سوودمەندە، کە دەسگا ئاسایيشييەکانمان، بەو جۆرەی کە سەرکردەيەتی بە گونجاوی دەزانێت، پێوەند لەگەڵ سەرکردەکانی دەستە تێکدەرەکاندا{واتە: حيزب و دەستە چەکدارە کوردەکان-شاکەلی} ساز بکات، بۆ ئەوەی بەردەوام، لە رێگەی پێوەندمان پێيانەوە و زانياريمان لە بارەی بۆچوونەکانی داهاتوويان و کارتێکردن لە هەندێ رەوتاريياندا و سازکردنی قۆرت و ناتەبايی لە نێوان تاقمە ناکۆکەکانياندا، دەرفەتيان لە دەست دەرکەين"[101]. ئەم نامەيە و ئەو پێشنيازانەی، کە تێيدا هاتوون، بۆ سەددام حوسەين خۆی نێرداوە و ئەويش لە بنەوە مۆری کردووە و رەزامەنديی خۆی لە سەر دەربڕيوە. يەکێک لەو دەستە و حيزبە کوردانەی، کە ئەو دەسگايانەی بەعس پێوەنديان پێوە کردووە، يەکيەتيی نيشتمانيی کوردستان بووە- ديارە پێوەنديان بە حيزب و لايەنەکانی ديکەشەوە هەبووە- کە تا رادەيەکی زۆر دەسگا جاسووسييەکانی بەعس، داچۆڕاونەتە نێو دەسگاکانيانەوە. وەک جەختکردنێک لە سەر ئەوە با بنۆڕينە بڵاوکراوەيەکی ناوخۆيی و گەلەک نهێنی، بەڕێوەبەرايەتی ئيستيخباراتی سەربازيی (مديريةالإستخبارات العسكرية) لە وەزارەتی بەرگری(وزارةالدفاع)ی عيراق، کە لە ساڵی 1983دا، بڵاوی کردووەتەوە، لەوێدا زۆر ئاشکرا باس لە هاريکاری و پێوەندی خۆيان لەگەڵ يەکيەتيی نيشتمانيی کوردستاندا دەکات و بە خوێندنەوە و لێوردبوونەوەی ئەو بەڵگەنامەيە، تارادەيەک بەرايی شەرەکانی پشتاشان و گفتوگۆی يەکيەتيی و حوکوومەتی بەعسمان لە ساڵی 1984دا، برێک بۆ روون دەبێتەوە. بڵاوکراوەکە دەڵێت:" بە گوێرەی نەخشەيەکی دارێژراو، کە بەڕێوەبەرايەتييەکەمان دايناوە و بۆ پتر لێکدوورخستنەوەی لايەنە ناکۆکەکان و بۆ گەشەپێکردنی پێکدادانانەکانيان، چەند کارێکی ئيستيخباراتييانەی تايبەت لە لايەن بەرێوەبەرێتييەکەمانەوە ئەنجام درا و ئامانجەکانيشی، کە چاوەڕوانيی لێ دەکران، هاتنە دی...لە نيسانی 83دا يەکێک لە سەرچاوە گرنگەکانی خۆمان(لە سەرکردەکانی تاقمی تاڵەبانی لە دەڤەری سلێمانی)، نارد بۆ رێگەگرتن لە تاقمی تێکدەری بارزانی، لە دەڤەرەکەی خۆی و بە هەر شێوەيەک بێت و هەوڵيش بدات پێکدادانەکان توندتر بن..ئيستيخباراتييانە پێوەندمان کرد بە سەرکردەيەتيی يەکيەتيی نيشتمانيی کوردستان و زانياريمان پێدان لەمەڕ نيازی ئێرانی دوژمن و تاقمی(جود) بەرانبەريان و کۆمەکی پێويستيشمان پێيان کرد بەگوێرەی نەخشەيەکی وردی ديراسەکراو"[102]. کاتی گفتوگۆی نێوان يەکيەتيی نيشتمانيی کوردستان و حوکوومەتی بەعس، لە 1984دا، خەڵکانی سەر بە يەکيەتيی نيشتمانيی کوردستان، سەرانيان، بەرپرسە سياسی و سەربازييەکانيان و تەنانەت چەکدارەکانيشيان، بە پسوولە و کاغەز و ناسنامەی کارگێڕی ئيستيخباراتی سەربازيی بەعس و وەک نەفەرێکی ئەوان، هاتوچۆی ناوچەکانی بندەستی حوکوومەتيان دەکرد و دەچوونە بەغدا و مووسڵ و کەرکووک و جێگەی ديکەش. خوداليێخۆشبوو کاک سابير رەسووڵ، کە بۆ خۆی ئەودەمی لەگەڵ يەکيەتيی نيشتمانيی کوردستاندا بوو، ئەوەی بۆ گێڕاومەتەوە و باسی خۆيشی دەکرد، کە سەفەری مووسڵی کردووە بەو شێوەيە.

---

[101] ئەمين..، پەنجەکان..، ل371.

[102] سەرچاوەی پێشوو، ل463-465.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com